چاوەڕێ دەکرێت لەم هەفتەیەدا بودجە بە داواکاریی کوردەوە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت

سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە بەغدا گوتی، چاوەڕێ دەکرێت ئەم هەفتەیە پرۆژەیاسای بودجەی عێراق بە داواکاریی کوردەوە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت. دەشڵێ، هەر کاتێک حکوومەت ڕاپۆرتی خۆی ئامادە کرد، هەرێمیش لیژنەیەکی پێکهێناوە و گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی عێراق دەکات بۆ ئەوەی داواکاریی کورد لەو پرۆژەیاسایەدا جێگیر بکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5872) یەک شەممە 17ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

47 بەرکەوتەی چەکی کیمیایی ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن

دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان ڕوونیکردەوە: بە ڕەزامەندی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو نەخۆشانەی کە بەرکەوتەی کیمیایین و پێویستیان بەچارەسەرکردن هەیە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن و نوێنەری وەزارەتی تەندروستیش لەگەڵ ئەو بەرکەتووانە دەچێت و بڕیاروایە لەماوەیەکی نزیکدا 47 کەس لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی ڕەوانە بکرێن و ڕەزامەندیش وەرگیراوە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**





ڕۆژنامەوانێکی فەرەنسی یادەوەرییەکانی خۆی لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول دەگێڕێتەوە

بارزانی پێی گوتم: ڕەوشتی ئێمە ئەوە نییە خەڵکی بێتاوان بکوژین

ژان ماری پرادییر ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسییە، ئەو لە ڕۆژانی شۆڕشی ئەیلوولدا بە کورد ئاشنابووە و تا ئێستاش پەیوەندی لەگەڵ دۆزی کورد بەردەوامە، ژان ماری پرادییر، ڕۆژنامەوانێکی فەرەنسییە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، چەند جارێک سەردانی کوردستانی کردووە و لە نزیکەوە سەرکردایەتیی شۆڕش و پێشمەرگەی کوردستانی بینیوە، ئەمە بەشێکی هەڤپەیڤینێکی ئەو ڕۆژنامەنووسەیە کە لەگەڵ کوردستان 24 ئەنجامی داوە، وەک شایەتحاڵێک ئەو چیرۆکانەی سەردەمی شۆڕشی کورد دەگێڕێتەوە، کە بە چاوی خۆی بینیویەتی. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

لە ڕۆژی جیهانی لێبووردەییدا سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی پێکهاتە ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات

سەرۆکی حکوومەت: پێویستە هەموو ڕۆژێکمان ڕۆژی بەیەکەوەژیان و لێبووردەیی بێت

دوێنێ شەممە 2019/11/16 لە ڕۆژی جیهانی لێبووردەییدا، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی پێکهاتە ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان کرد.

شاندەکە لە نوێنەری ئاینەکانی ئیسلام، مەسیحی، ئێزیدی، کاکەیی، زەردەشتی، سابیئەی مەندایی و بەهائی پێکهاتبوون، گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی بەیەکەوەژیانی ئایینی و لێبووردەیی لە هەرێمی کوردستان کرا. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە ئایینەکان تەواوکەری یەکترن و ئامانجیان ڕێنیشاندانی مرۆڤە بۆ ڕێگەی ڕاست. گوتیشی یەکێک لە ڕووە گەشەکانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان کە هەمیشە مایەی شانازی ئێمە و ستایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، ئەو بەیەکەوەژیان و تەباییەیە کە لە نێوان پێکهاتە ئاینییەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختیشی لەوە کردەوە کە کوردستان نیشتمان و ماڵی هەموومانە و پێویستە هەموومان کار لەسەر گەشەپێدانی هزری میانەڕەوی و بەیەکەوەژیان لە هەرێمی کورستان بکەین و هەموو ڕۆژێکمان ڕۆژی بەیەکەوەژیان و لێبووردەیی بێت.

ژمارەیەک خۆپێشاندەر کوژران و بریندارببوون

لە ئێران خۆپیشاندان لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین بەڕێوەچوو



لە دژی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە چەند شارێکی ئێران هاوواڵاتیان ناڕەزایەتییان دەربڕی. ڕۆژی هەینی لە شارەکانی؛ ئەهواز، خورەمشەهر، بیرجەند، مەشهەد، گەچساران، سیرجان، بەندەرعەباس، ئەسفەهان و شیراز هاوواڵاتییان بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر گرانبوونی نرخی بەنزین ڕژانە سەر شەقامەکان. ناڕەزایەتییەکانیش دوێنێ شەمە فراوانتر بووە و زۆربەی شار و پارێزگاکانی ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات، ناوەڕاست و باشووری ئێرانی گرتووەتەوە.

خۆپیشاندەران داوایان لە شۆفێرەکان کرد کە ئۆتۆمبێلەکانیان بکوژێننەوە و لە شاری سیرجان سەر بە پارێزگای ئەسفەهان و کرمانیش خۆپێشاندەران بەنزینخانەیەکیان سووتاند.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



د. محەمەد خورشید: بارەگاکانمان لە کەرکووک ڕادەست دەکرێنەوە

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان هۆکاری ڕادەستنەکردنەوەی بارەگاکانیانی بۆ ئالۆزییەکانی ئێستای عێراق گەڕاندەوە و دەشڵێ، دوای ئاساییبوونەوەی ڕەوشی عێراق، لەگەڵ بەغدا دەست بە دانوستان دەکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

خۆپیشاندەرانی بەغدا چوونەوە سەر پردی سەنک و لە بەسرەش دەروازەی بیرە نەوتەکانی مەجنونیان داخست



دوێنێ شەمە لەسەر یەکێک لە پردەکانی ناوەڕاستی بەغدا خۆپیشاندەران دەستیانکردەوە بە مانگرتن، ئەمەش لەکاتێکدا ڕوویدا پاش ئەوەی هێزە ئاسایشییەکانی عێراق بۆ ماوەی زیاد لە دوو هەفتە بەریان بە هەر پێشڕەوییەکی خۆپیشاندەران گرتبوو بەهۆی ڕووبەڕووبونەوەیان لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی پێشوودا بەڵام پاشەکشێیان کرد. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

هەولێر.. ڕۆژانە شەش کەس تووشی نەخۆشی شەکرە دەبن

بەڕێوەبەری سەنتەری لەیلا قاسم بۆ نەخۆشی شەکرە، دەڵێت: لە یازدە مانگی ڕابردوودا زیاتر لە دوو هەزار تووشبووی نوێ تۆمارکراون، لە هەردوو جۆری شەکرە کە لەو ڕێژەیەش 60٪ لە ڕەگەزی نێر و40٪ لە ڕەگەزی مێینەن". **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



گوتەبێژی هەدەپە:
چیتر شارەوانییەکان دامەزراوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ نین
بڕیاری دانانی قەیيووم هیچ پاساو و پاڵپشتییەکی یاسایی نییە

گوتەبێژی هەدەپە، گونای کوبیلای، سەبارەت بەو دامەزراندنانەی کە لە چەند شارەوانییەکی هەدەپە جێبەجێدەکرێت گوتی: چیتر شارەوانییەکان، دامەزراوەیەکی کارگێڕیی ئازاد و سەربەخۆ نیین، ئەوانەی کە دامەزراون هەوڵی گۆڕینی دەدەن بۆ هەر دەزگایەکی حکوومیی کلاسیکیی. گونای کوبیلای، لە ناوەندی گشتیی هەدەپە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی گوتەکەی بە یادکردنەوەی لە سێدارەدانی سەید رەزا و هاوەڵەکانی لە کاتی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە ساڵانی 1937 تا 1938 لە دێرسم، دەستپێکرد. کوبیلای ڕەخنەی لە دانانی قەیيووم گرت لە چەند شارەوانییەکی هەدەپە و گوتی: چیتر شارەوانییەکان، دامەزراوەیەکی کارگێڕیی ئازاد و سەربەخۆ نیین، ئەوانەی کە دامەزراون هەوڵی گۆڕینی دەدەن بۆ هەر دەزگایەکی حکوومیی کلاسیکیی.

گوتەبێژی هەدەپە ڕاشیگەیاند: بڕیاری دانانی قەیيووم هیچ پاساو و پاڵپشتییەکی یاسایی نییە و لەوبارەیەوە گوتی: هەموو کەس دەزانێت کە تا ئێستا لە بەرامبەر قەیيوومەکان ئەو هەڕەشە هەمەلایەنەی دەکرێتە سەر هەدەپە بە دیموکراسی و دڕووستکردنی هێڵی مافی ڕەوای بەردەوامی خەباتمان بۆ قازانج گۆڕیومانە. بەڵام لە رۆژانی داهاتوودا، بۆ قۆناغێکی نوێ کە ئیتر تادێت هەنگاو بە هەنگاو شارەوانییەکانمان داگیردەکرێن، لەو ماوەیەدا بۆ هەڵسەنگاندنی پێشنیازی تازە لەدەرەوەی هێڵە سەرەکییەکانمان لە 20ی تشرینی دووەم لە ئەنقەرە کۆبوونەوەیەکی فراوان و گشتگیر ئەنجام دەدەین. سەبارەت بە سەردانەکەی ئەردۆغانیش بۆ ئەمەریکا، گوتەبێژی هەدەپە گونای کوبیلای کۆبوونەوەکەی ئەردۆغان و ترەمپی بە بێ ئەنجام لەقەڵەم دا.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان و هەردوو کونسوڵی هۆڵەندا و هیندستان چەند پرسێکی گرنگیان تاوتوێکرد





ڕۆژی 2019/11/14 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی کرد لە ولیام کۆسین کونسوڵی گشتیی شانشینی هۆڵەندا و شاندی یاوەری. لە دیدارێکدا پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەیارەوە کراو کونسوڵی گشتیی هۆڵەندا لە هەرێمی کوردستان باسی لە گرنگیی ئەنجامدانی چاکسازی کرد بۆ ڕێکخستنەوە و بە سیستەمکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و بۆ ئەم مەبەستەش هاوکاریی هۆڵەندای نیشاندا. هەر لە دیدارەکەدا کونسوڵی هۆڵەندا ئامادەیی خۆیانی نیشاندا بۆ بەرەودان بە کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان و هەروەها چۆنیەتی بەهێزکردنی ڕۆڵی چاودێری لە کاری پەرلەمانیدا. لە بەرانبەردا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: کاری لە پێشینەی پەرلەمان بە هاوبەشی لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکان بریتییە لە ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیر لە سەرجەم سێکتەرەکاندا و چاکسازی لە سیستەمی هێزەکانی پێشمەرگەش بەشێکە لە کۆی گشتیی پڕۆژەی چاکسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکات سوپاسی کونسوڵی هۆڵەندای کرد بۆ ئەو هاوکارییانەی بەنیازن لە چۆنیەتیی بەهێزکردنی ڕۆڵی چاودێریی پەرلەمان و کەرتی کشتوکاڵ پێشکەشی هەرێمی کوردستانی بکەن و رایگەیاند: هەرێمی کوردستان بەنیازە یاسای وەبەرهێنان هەموار بکاتەوە و گرنگیی زیاتر بدات بە هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و سێکتەرەکانی تر بۆ هێنانەکایەوەی ئابووریی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان.

هەر لەم خولەی پەرلەمان دەستووریک بۆ هەرێمی کوردستان بنووسێتەوە و دەنگی لەسەر بدرێت، هاوکات سوپاسی کۆنسوڵی هیندستانی کرد لەبارەی پێشنیازەکانی بەمەبەستی هاوکاریکردنی پەرلەمانی کوردستان لە بواری پڕۆژەی نووسینەوەی دەستوور و ڕاهێنانی پەرلەمانتاران و کارمەندانی پەرلەمان. لە کۆتایی دیدارەکەشدا هەردوولا جەختیان لە بەردەوام بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو پەرلەمانی هیندستان کردەوە.

کوردستانی کرد بۆ بەشداریکردن و پێشکەشکردنی وتارێک لەبارەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەیادی70 ساڵەی نووسینەوەی دەستووری هیندستان کە بڕیارە لە 2019/11/26 لە کۆنسوڵخانەی هیندستان لە هەرێمی کوردستان ساز بکرێت.

لە بەرانبەردا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ویژای پیرۆزبایی ساڵیادی نووسینەوەی دەستووری هیندستان، ڕایگەیاند: لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان بەنیازە کرد لە چاندرامووڵی کۆمار کۆنسوڵی هیندستان لە هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری. سەردانەکەی کۆنسوڵی هیندستان بۆ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی بڕەودان بوو بەپەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی هەردوولا و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی پەرلەمانی هیندستان لە بواری یاساداناں و دەستوور و ڕاهێنانی پەرلەمانتاران و کارمەندانی پەرلەمان لە پەرلەمانی هیندستاندا، هاوکات کۆنسوڵی هیندستان بە فەرمی بانگهێشتی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی

د. محەمەد خورشید:
بارەگاکانمان لە کەرکووک ڕادەست دەکرێنەوە
ئاڵۆزبوونی ڕەوشی عێراق کاریگەریی کردە سەر بەڕێوەچوونی دانوستانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا



بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان هۆکاری ڕادەستنەکردنەوەی بارەگاکانیی بۆ ئاڵۆزییەکانی ئێستای عێراق گەڕاندەوە و دەشڵێ، دوای ئاساییبوونەوەی ڕەوشی عێراق، لەگەڵ بەغدا دەست بە دانوستان دەکەن.

دکتۆر محەمەد خورشید، بەرپرسی لقی سێی پارتی لە کەرکووک بە مالپەڕی فەرمیی پارتییی ڕاگەیاندووە: دانوستانەکان لەبارەی ڕادەستکردنەوەی بارەگاکانی پارتیمان لە سنووری کەرکووک بەردەوامە، ئەویش پەیوەستە بە لێژنەیەی هەرێمی کوردستان کە لە بەڵام ئاڵۆزبوونی ڕەوشی عێراق کاریگەریی کردە سەر بەڕێوەچوونی دانوستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا. بەرپرسی لقی سێ ئەوەشی گوتووە: لە کەرکووک 30 بارەگای پارتی، کە سێ لەو بارەگایانە سەرەکین، داگیر کراون و پێشتر بڕیاری ڕادەستکردنەوەیان لە لایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە. دکتۆر محەمەد خورشید ڕوونیشی کردۆتەوە: لەگەڵ ئاساییبوونەوەی ڕەوشی عێراق دانوستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەست پێ دەکەنەوە، یەکێک لەو پرسانەش ڕادەستکردنەوەی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری کەرکووک دەبن.

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی: لە تەقینەوەکەی بەغدا کەسێک کوژراوە و 16ی دیکەش بریندارببوون

تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو گۆڕەپانی تەحریری ناوەڕاستی بەغدای هەژاند، کە ناوەندی خۆپیشاندانەکانی دژی حکوومەتە. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە ئەمنییەکانەوە دەستکەوتوون، بۆمبی نێو ئۆتۆمبیلێک، کە لە نزیک گۆڕەپانی تەحریر پارککرابوو، تەقێنراوەتەوە. ئەوەش ڕاگەیەنراوە کە ژمارەیەک کوژراو و بریندار لە تەقینەوەکە کەوتوونەتەوە.

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق ژمارەی قوربانیانی تەقینەوەکەی ڕۆژی هەینیی شاری بەغدای بلاوکردەوە و هاوکات فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا ڕایگەیاند کە دووبارە ڕێگەی نێوان گۆڕەپانی تەحریر و خەلانی کردووەتەوە.

لە ڕاگەیەندراوێکدا شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی ئاماژەی بەوەکردووە لە ئاکامی ئەو تەقینەوەیەی کە ئێوارەی ڕۆژی هەینی لە نزیک گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدای ڕوویدا، کەسێک کوژراوە و 16ی دیکەش بریندارببوون.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە کە لێکۆڵینەوە بە ئامانجی گەیشتن بە هۆکاری تەقینەوەکە دەستپێکراوە. شایەنی باسە پێشتریش ڕوانگەی عێراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندبوو لە ئاکامی ئەو تەقینەوەیەی کە ئێوارەی ڕۆژی هەینی لە ناوەڕاستی بەغدا ڕوویدا، چوار کەس کوژراون و 20ی دیکەش بریندارببوون.

لە لایەکی دیکەوە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا ڕایگەیاند کە دووبارە ڕێگەی نێوان گۆڕەپانی تەیەران و خەلانی بە ئاراستەی شەقامی کۆماری/ شۆڕیجە کردووەتەوە. لە ڕاگەیەندراوێکدا فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا داوای لە خۆپیشاندەرانی کە بە ئاشتیانە خۆپیشاندان لە ناوچەکانی خەلانی، سەنک بکەن و هەروەها سامانەکانی گشتی و تایبەتیش بپارێزن.



غەززە.. بۆردومانکردنی ژمارەیەک پێگەی حەماس

سوپای ئیسرائیل ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەکردووە کە بەردەبەیانی دوێنێ شەممە فڕۆکە جەنگییەکان لە زنجیرەیەک هێرشدا، ژمارەیەک پێگەیان لە کەرتی غەززە بۆردومانکردووە، بێ ئەوەی زانیاری زیاتر لەوبارەوە بخاتەڕوو. هاوکات دەستەی پەخشی ئیسرائیل بڵاویکردەوە کە لە هێرشە ئاسمانییەکاندا، سێ پێگەی بزووتنەوەی حەماس لە باکووری کەرتی غەززە بۆردومانکراون.

ئەو هێرشانە دوای ئەوە ئەنجامدران کە پێشتر هێزی بەڕەچدانەوەی مووشەکی ئیسرائیل ناسراو بە (گومەزی ئاسنین) ڕایگەیاندبوو، بەردەبەیانی دوێنێ دوو مووشەکی تێکشاندووە کە لە کەرتی غەززەوە ئاراستەی شاری بئیر سەبع باشووری ئیسرائیل کرابوون. ئەمەش لە کاتێکدایە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو گوتەبێژی بزوتنەوەی جیهادی ئیسلامی، موسعەب ئەلبریم لە لێدوانێکیدا ئاشکرای کردبوو کە بە نێوەندگیری میسر ئاگربەست لەگەڵ ئیسرائیل لە کەرتی غەززە ڕاگەیەندراوە و چووەتە واری جێبەجێکردنەوە.

چاوەڕێ دەکرێت لەم هەفتەیەدا بودجە بە داواکاریی کوردەوە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت



سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا گوتی، چاوەڕێ دەکرێت ئەم هەفتەیە پڕۆژەیاسای بودجەی عێراق بە داواکاریی کوردەوە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

دەشڵێ، هەر کاتێک حکوومەت ڕاپۆرتی خۆی ئامادە کرد، هەرێمیش لیژنەیەکی پێکهێناوە و گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی عێراق دەکات بۆ ئەوەی داواکاریی کورد لەو پڕۆژەیاسایەدا جێگیر بکرێت.

فارس عیسا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ناردنی پڕۆژەیاسای بودجە بۆ پەرلەمانی عێراق دواکەوتووە و، هۆکارەکەشی ئەوە خۆپیشاندان و دۆخەی ئێستای عێراقە، ئەگەر نا پێویست بوو زووتر ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت لەم هەفتەیەدا حکوومەت بودجە بۆ پەرلەمان ڕەوانە بکات.

عیسا گوتیشی: پڕۆژەیاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو بە داواکاریی کوردەوە ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت، بەڵام چاوەڕێ دەکرێت حکوومەتی عێراق ڕاپۆرتی خۆی تەواو بکات ئینجا هەرێم لەبارەی داواکاریی کوردەوە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەک پێک هێنراوە و هەر کاتێک حکوومەت ڕاپۆرتی خۆی تەواو کرد، لیژنەکەی ئێمە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات و داواکاریی کورد لەو پڕۆژەیاسایەدا جێگیر دەکرێت، کە دواتریش بۆ پەسەندکردن ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت.

عێراق... خۆپیشاندانەکان بەردەوامن

خۆپیشاندەرانی بەغدا چوونەوە سەر پردی سەنک و لە بەسرەش دەروازەی بیرە نەوتەکانی مەجنونیان داخست



خەبات/ دوێنێ شەمە لەسەر یەکێک لە پردەکانی ناوەڕاستی بەغدا خۆپیشاندەران دەستیانکردەوە بە مانگرتن، ئەمەش لەکاتێکدا ڕوویدا پاش ئەوەی هێزە ئاسایشییەکانی عێراق بۆ ماوەی زیاد لە دوو هەفتە بەریان بە هەر پێشڕەوییەکی خۆپیشاندەران گرتبوو بەهۆی ڕووبەڕووبونەوەیان لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی پێشوودا بەڵام پاشەکشێیان کرد. لە ماوەی ڕابوردووشدا و لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی فەرمانی دەستگیرکردن بۆ دەیان پەرلەمانتار، وەزیری پێشوو، پاریزگاری ئێستا و پێشوو، بەڕێوەبەری گشتی ئێستا وپێشووی عێراق دەرچووە و زۆربەشیان بە تۆمەتی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی پۆستەکانیان دەستگیر دەکرێن. تا ئێستا بەڵێنەکان خۆپیشاندەرانیان رازینەکردووە و بەردەوامن لە خۆپیشاندان.

خۆپیشاندەرانی بەغدا چوونەوە سەر پردی سەنک

دوێنێ شەمە خۆپیشاندەرانی بەغدا توانیان بچنەوە ناو گۆڕەپانی خەڵانی و سەر پردی سەنک. لە بەسرەش دەروازەی بیرە نەوتەکانی مەجنونیان داخست. لە درێژەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە بەغدا، خۆپیشاندەران کۆنترۆڵی هەردوو گۆڕەپانی خەڵانی و پردی سەنکیان کردەوە و توانییان پاشەکشە بە هێزە ئەمنییەکان بکەن. هاوکات لە بەسرە خۆپیشاندەران دەروازەی بیرە نەوتەکانی مەجنون بەندەری ئوم قەسرییان لە باشووری پارێزگاکە داخست.

بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە 700 هاووڵاتیی عێراقی کەمئەندام بوون

مالپەڕی (ئەلعەرەبی جەدید) لە ڕاپۆرتێکدا بە پشت بەستن بە سەرچاوە تەندروستییەکان، بڵاوی کردووەتەوە، کە تا ئێستا زیاتر لە 16 هەزار خۆپیشاندەر بە گازی فرمێسکڕێژ و گوللەی سەرباز و کارمەندانی سوپا و هێزە ئەمنییەکان، بریندار بوون. لەو 16 هەزار بریندارە، هەروەک مالپەڕەکە بڵاوی کردووەتەوە، 700 کەسیان بە جۆرێک لە جۆرەکان کەمئەندام بوون.

زیقار.. ئاگر لە مااڵی سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای غەراف بەردرا

هەروەها سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەران ئاگریان لە مااڵی سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای غەراف باکووری شاری ناسرییە ناوەندی پاریزگای زیقار باشووری عێراق بەرداوە. سەرچاوەکە ڕایگەیاندووە کە خۆپیشاندەران ئاگریان لە مااڵی سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای غەراف باکووری شاری ناسرییە، عادل موحسن بەرداوە. ئەو سەرچاوەیە ئاشکراشیکرد کە لە کاتی ڕووداوەکەدا، عادل موحسن لە ماڵەکەیدا نەبووە و گوتیشی: سەرباری ئەوەی هێزێکی زۆری ئەمنی لە شەقامەکانی قەزاکە باڵاوکراونەتەوە، بەاڵم خۆپیشاندەران هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی عادل موحسن و ئاگریان تێ بەرداوە. ئەمەش دوای ئەوە دێت لە دوو ڕۆژی ڕابردووەدا، خۆپیشاندەران، ئاگریان لە مااڵی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و بەرپرسانی خۆجێیی لە قەزای غەراف بەردابوو.

ژمارەی قوربانیان گەیشتووەتە 335 کوژراو و 15 هەزار بریندار

پێشتر خۆپیشاندەرانی ناڕازی توانیبویان کۆنترۆڵی چوار پردی سەرەکی ناو بەغدا بکەن کە لەسەر ڕووبەری دیجلەن و ڕۆژهەاڵتی بەغدا بە ڕۆژئاوای شارەکەوە دەبەستێتەوە کە ناوچەی سەوزی لێیە شوێنی بارەگا و دامەزراوە حکومییەکان و باڵێوزخانەکانی وڵاتانی بیانی. بەاڵم هێزەکانی پۆلیسی کۆنترۆڵکردنی ئاژاوەگێڕی لەماوەی ئەو دووهەفتەی پێشوودا توانیبوویان سێ لە پردەکان و گەڕەکەکانی دەوروبەریان کۆنترۆڵبکەنەوە، بەاڵم خۆپیشاندەران گەڕانەوە بۆ گۆڕەپانی تەحریر و پردی کۆماری بۆ نیو ڕێژنەی گولەی فرمێسکڕێژ و فیشەکی ئاڕاستەکراو. شایەنی باسە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە، عێراق ڕووبەڕووی شەپۆلێکی بەرفراوانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان بووەتەوە، شەپۆلی یەکەمی خۆپیشاندانەکانیش لە 1ی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا دەستیپێکرد و ماوەی هەفتەیەک بەردەوام بوو، شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندانەکانیش لە 25ی هەمان مانگ دەستیان پێکردەوە و تا ئێستا بەردەوامی هەیە. بەپێی دواینێ ئامارێک کە لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق باڵاوکراوەتەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی لە میانی خۆپیشاندانەکانی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق کە تا ئێستا بوونەتە قوربانی، گەیشتووەتە 335 کوژراو و 15 هەزار بریندار.

حەشدی شەعبی دەنگۆکە ڕەتدەکاتەوە

عێراق.. حەشدی شەعبی بە هاوردەکردنی گازی فرمێسکڕێژ تاوانبار دەکرێت

حەشدی شەعبی لە عێراق ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەوە تۆمەتبار کرد کە هەڵمەت بۆ ناشرینکردنی وێنەی حەشدی شەعبی ئەنجام دەدەن، هەروەها ئەو دەنگۆیانەش ڕەتدەکاتەوە کە باس لەوە دەکەن حەشدی شەعبی بەرپرسە لە هاوردەکردنی ئەو گازە فرمێسکڕێژەی کە دژبە خۆپیشاندەران بەکار دەهێندرێت.

ڕاگەیاندنی حەشدی شەعبی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تیادا هاتووە: لە هەندێک میدیا و تۆڕە کۆمەاڵیەتییە نەیارەکاندا، بەڵگەنامەیەکی سەختە بڵاوکراوەتەوە کە باس لەوە دەکات گوایە حەشدی شەعبی بەرپرسە لە هاوردەکردنی ئەو گازە فرمێسکڕێژەی کە دژبە خۆپیشاندەران بەکاردەهێندرێت، بێ ئەوەی بەڵگەنامەکە هیچ مۆرێک یان ناوی بەرپرسێکی حەشدی شەعبی تیادابێت، بۆیە بەڵگەنامەکە دووڕە لە ڕاستییەوە ڕەتی دەکەینەوە.

ڕاگەیاندنی حەشدی شەعبی ئەوەشی گوتووە: وای دەبینێن کە بەڵگەنامە ساختەکراوەکە، لەچوار زنجیرەیەک هەڵمەتدا بە ئامانجی ناشرینکردنی وێنەی حەشدی شەعبی و دەستوەردان لە کاروباری عێراق لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بڵاوکراوەتەوە، بێ ئەوەی ناوی ڕێکخراوەکان ئاشکرا بکرێت.

لە بەیاننامەکەدا، ئاماژە بەوەدراوە کە لەو کاتەی حەشدی شەعبی ڕاگەیەندراوە تا ئەمڕۆ هەوڵدەدرێت وێنەی ڕۆڵەکانی عێراق ناشرین بکرێت بەتایبەتیش لە میانی خۆپیشاندانەکاندا کە دژبە ستەم و گەندەڵی دەستیپێکراوە پێشتر ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی ئینتەرناشنال) بڵاویکردبوویەوە کە کاربەدەستانی عێراق بۆمبی فرمێسکڕێژیان بەکارهێناوە بۆ کوشتنی خۆپیشاندەران نەک بۆ بڵاوەپێکردنیان.

ڕێکخراوەی ناوبراو ئاماژەی بەوەشکردووە کە هێزە ئەمنییەکان لە بەغدا دوو جۆری بۆمبی فرمێسکڕێژ دژبە خۆپیشاندەران بەکاردەهێنن بەرامبەر بە خۆپیشاندەران کە بەهیچ پێشتر بەکارنەهێنداوە.

لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە، عێراق ڕووبەڕووی شەپۆلێکی بەرفراوانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان بووەتەوە، شەپۆلی یەکەمی خۆپیشاندانەکان لە 1ی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا دەستیپێکرد و ماوەی هەفتەیەک بەردەوام بوو، شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندانەکانیش لە 25ی هەمان مانگ دەستیان پێکردەوە و تا ئێستا بەردەوامی هەیە. بەپێی دواینێ ئاماریش کە لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق باڵاوکراوەتەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی لە میانی خۆپیشاندانەکانی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق کە تا ئێستا بوونەتە قوربانی، گەیشتووەتە335 کوژراو و 15 هەزار بریندار.





حەیدەر عەبادی: گرنگە حکوومەتێکی سەربەخۆ قۆناغی ڕاگوزەر بەڕێوەببات

سەرکردەی هاوپەیمانی نەسر، حەیدەر عەبادی داوای کرد کە حکوومەتێکی سەربەخۆ پێکبهێندرێت بۆ ئەوەی قۆناغی ڕاگوزەر بەڕێوەببات تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام دەدەرێت. حەیدەر عەبادی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە ئەگەر بەێ وادەیەکی دیاریکراو قۆناغی ڕاگوزەر دەست پێ نەکات، ئەوە قسەکردن لەسەر هەر نەخشە ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان سوودی نییە.

سەرکردەی هاوپەیمانی نەسر، حەیدەر عەبادی ڕاشیگەیاندووە، گرنگە حکوومەتێکی سەربەخۆ قۆناغی ڕاگوزەر بەڕێوەببات کە کاری لەپێشینەی ئەوە بێت بە یاسایەکی گونجاو و بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدات. حەیدەر عەبادی جەختیکردووەتە لەسەر ئەوەی کە هەر کاتێک حکوومەتێکی نوێ هەڵبژێردرا، ئەوە دەتواندرێت چاکسازی لە سیستەمی سیاسیدا ئەنجام بدرێت.

لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە، عێراق ڕووبەڕووی شەپۆلێکی بەرفراوانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان بووەتەوە، شەپۆلی یەکەمی خۆپیشاندانەکانی لە 1ی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا دەستیپێکرد و ماوەی هەفتەیەک بەردەوام بوو، شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندانەکانیش لە 25ی هەمان مانگ دەستیان پێکردەوە و تا ئێستا بەردەوامی هەیە.

وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
یەک شەممە 2019/11/17 ژمارە (5872)
خەبات

ژمارەیەک خۆپێشاندەر کوژران و بریندارببوون

لە ئێران خۆپیشاندان لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین بەڕێوەچوو

خۆپیشاندەران لە پارێزگای ئەسفەهان بەنزینخانەیەکیان سووتاند





خەبات: لە دڕی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە چەند شارێکی ئێران هاوواڵاتیان ناڕەزایەتییان دەربڕی. ڕۆژی هەینی لە شارەکانی؛ ئەهواز، خورەمشەهر، بیرجەند، مەشهەد، گەچساران، سیرجان، بەندەرعەباس، ئەسفەهان و شیراز هاوواڵاتیان بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر گرانبوونی نرخی بەنزین ڕژانە سەر شەقامەکان. ناڕەزایەتییەکانیش دوێنێ شەممە فراوانتر بووە و زۆربەی شار و پارێزگاکانی ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات، ناوەڕاست و باشووری ئێرانی گرتووەتەوە. خۆپیشاندەران داوایان لە شۆفێرەکان کرد کە ئۆتۆمبێلەکانیان بکوژێننەوە و لە شاری سیرجان سەر بە پارێزگای ئەسفەهان و کرمانیش خۆپێشاندەران بەنزینخانەیەکیان سووتاند. دوای ئەم ڕووداوەش لە تاران و شارەکانی دیکە، هێزەکانی ئاسایش بۆ پاراستنی بەنزینخانەکان جوولەیان پێکرا، هەروەها لە شاری مەشهەدیش هێزەکان بلاوەیان بە خۆپێشاندەران کرد.

ڕۆحانی: زیادکردنی نرخی بەنزین بۆ بەرژەوەندیی خەڵکە

لای خۆیەوە سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕۆحانی لە ڕوونکردنەوەیەکیدا سەبارەت بەو بابەتە پاساوی ئەوەی هێنایەوە کە ئەوان چوار ساڵە نرخی بەنزینیان زیادنەکردووە و ئەو زیادکردنە بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کراوە و ئامانج لێی هاوکاریکردنی هاوواڵاتیانی کەم دەرامەتە. حەسەن ڕۆحانی جەختی لەوەش کردووەتەوە کە سەرەڕای قەیرانی ئابووریی، حکوومەت قازانج و گشت داهاتی ئەو زیادکردنە بەسەر 60 ملیۆن کەسدا دابەش دەکات.

چەند ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس سوتێندران

دوێنێ شەممە خۆپیشاندان لە ئێران بەردەوام بوو و بەشێکی زۆری شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە، لە تارانی پەیتەختیش زۆربەی گەورە ڕێگاکانی ناوشار بە کۆژاندنەوەی ئۆتۆمبێل داخران. لە چەندین شار بە تایبەت تارانی پایتەخت، خۆپیشاندەران لە بەرامبەر هێرشی هێزە ئەمنییەکان سەنگەریان دروست کردووە و بەرگری لە خۆیان دەکەن.

هەروەها لە شاری شیرازیش لە پارێزگای فارس لە ناوەندی ئێران خۆپیشاندەران دوو ئۆتۆمبێلی پۆلیسیان سووتاندووە هێزە ئەمنییەکان و ڕاو ناوە.

لە شاری سنە خۆپیشاندەران ڕێگا سەرەکییەکانی ناوشاریان داخست

لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی ئەو گرتە ڤیدیۆیانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراونەتەوە، پارێزگاکانی سنە و کرماشان خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی تێپاندا بەڕێوەچووە و هاونیشتمانیان دڕووشمیان دژی گرانی و بە دیاریکراوی سەرۆککۆماری ئێران دەگوتەوە. هەروەها لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاوواڵتیان لە مەیدانی ئیقبالێ کۆبوونەتەوە و ڕێگا سەرەکییەکانی ناوشاریان داخستووە. هەروەها لە شاری کرماشانیش دەیان کەس لە ناوەندی شارەکە کۆبوونەتەوە و هوتافی "مەرگ بۆ ڕووحانیان" دووبارە کردەوە.

ناوەندی هاوکاری حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاتە دەنگ

لە کاردانەوەیەکیشدا سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوەندی هاوکاری حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایگەیاند داواکاری هاوواڵاتیانی ئێران ڕەوایە و پێویستە لە خۆپیشاندان بەردەوام بن. لە ڕاگەیندراوێکی ناوەندی هاوکاری حزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا هاتووە، پشتگیری خۆپیشاندانی هاوواڵاتیانی ئێرانی، و بەتایبەت شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین. ناوەندی هاوکاری حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژەیان بەوەش کردوە: کۆماری ئیسلامی بە پرۆژە ناپێویست و زیانبارەکانی، بە دزینی و تاڵانکارییەکانی سەروەت و سامانی خەڵک و بە تەرخان کردنی دارایی خەڵکی ئێران بۆ تیرۆرهۆکاری ئەو هەژاریی و دۆخەی ئێرانە.

پلانی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین وەک خۆی جێبەجێ دەکەین

هەر دوێنێ شەممە ئەنجومەنی باڵای هەماهەنگی ئابووری ئێران تەئکیدی کردەوە کە پلانی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین وەک خۆی جێبەجێ دەکەن. ئەنجومەنەکە ڕوونیدەکاتەوە کە ئامانجەکانی پلانەکە بەرجەستەکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕێگریە لە بازرگانیکردن بە سووتەمەنیەوە و هەڵی کار بۆ هاوواڵاتی ئێران دابین دەکات. ئەنجومەنەکە داواشی کردووە سەرجەم دامەزراوە حکومیەکان هەماهەنگ بن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە.

پارێزگای سیرجان: هێزە ئەمنییەکان فەرمانی تەقەکردنی ڕاستەوخۆیان لەکەس وەرنەگرتووە

پارێزگای سیرجان، محەمەد مەحمودئابادی، لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵی ئیسنای ئێرانی ڕایگەیاند خۆپیشاندانەکانی دوێنێ شەو لە شارەکە بە ئارامی دەستیپێکرد بەڵام گرووپێکی هاندەر خۆپیشاندانەکەیان تێکدا و بەنزینخانەیەکیان سووتاند. محەمەد مەحمودئابادی، باسی لەوەکرد خۆپیشاندەران هەوڵیان داوە بگەنە کۆگای سەرەکیی سووتەمەنی شار و ئاگری تێبەردەن بەڵام لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان گەڕانەوە و گوتی: بە داخەوە لە کاتی ئەو ڕووداوانە کەسێک گیانی لەدەستدا و ژمارەیەکی دیکە بریندار. مەحمودئابادی باسی لە لێکۆڵینەوەی پزیشکی دادیی کرد لەسەر هۆکاری گیانلەدەستدانی ئەو کەسە و گوتی: بە دواداچوون دەکەین بۆ جۆری بریندارببوونی بریندارەکان. هێزە ئەمنییەکان لە کەسێکەوە فەرمانی تەقەکردنی ڕاستەوخۆیان وەرنەگرتووە، بەڵام بەهۆی هەستیاریی ئەمبارەکانی سووتەمەنی فەرمانی تەقەکردنیان بۆ ئاسمان وەرگرتووە و ئەوەشیان کردووە. پێداگریی لەسەر ئەوەشکرد کە ئێستا بە گشتیی دۆخی شارەکە ئارامە و داوای لە خەڵکی کرد کە بەهیچ شێوەیەک هانا نەبەنە بەر خۆچێشتاندانی بێمۆڵەت.

هاوواڵاتیانی ئێران نیگەرانن

هاوواڵاتیانی ئێران سەبارەت بە گرانکردنی نرخی بەنزین لە حکوومەتی ئێران نیگەرانن و دەڵێن ئەو بڕیارە نیشانەی ئەوەیە کە گەمارۆکانی ئەمەریکا کاریگەریی زۆری کردۆتە سەر حکوومەت. لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئاسۆشێتیدپرێس، ئەمین حوسێن زادە، تەمەن55 ساڵی خەڵکی تاران ئەو بڕیارەی بەڕپرسانی ئێران بە باش نازانێت و دەڵێت: وێدەچێت کۆماری ئیسلامی هیچ پارەیان نەبێت، ڕۆژێک پێشتر بەڕێز ڕووحانی دەیگوت ئەوان بۆ بودجەی ساڵی دابێت و دوای ئەویش پارەیان نییە، بۆیە پێدەچێت ئەوان لە ئەم ڕێگایەوە پارەی کەمی بودجە بەدەست بێنن.

هەروەها کارمەندێکی دیکەی مەدەنی، موحسێن خوداوێردیان سکاڵای لەم دۆخە هەیەو دەڵێت: بۆچی ئەوان ئەو بڕیارەیان دا؟ چونکە ئەوان هیچ پارەیان بۆ نەماوەتەوە، ئێمە لە ژێر گەمارۆکان داین. ئەوان دەیانەوێت پارە لە گیرفانی خەڵک دەربێنن. ئەوان کەمی بودجەیان هەیە. ئەوان ناچارن پارەکەی لە گیرفانی من و گیرفانی تۆ دەرکێشن بۆ ئەوەی وڵاتەکەی پێ بەڕێوەببەرن.

لە خۆپیشاندانەکان شەش کەس کوژراون

پاش ئەوەی لە شەوی هەینییەوە لە زۆربەی شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی گرانبوونی بەنزین خۆپیشاندان دەستی پێکرد، دوێنێ خۆپیشاندانەکان ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتەوە و ئاڵۆزی دروست بووە و باس لەوە دەکرێت لە سنە کەسێک بە دەستڕێژی گوللە کوژراوە. هاوکات زانیاریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باس لەوە دەکەن بەهۆی تەقەی هێزە ئەمنییەکان لە شاری (خورەمشەهر)ی سەر بە پارێزگای خووزستان، چوار کەس کوژراون و لە شاری سنە و لەبەردەم زانکۆی ئازاد خۆپیشاندەرێک کوژراوە و شەوی ڕابردووش لە شاری (سیرجان) کەسێک کوژراوە. تاکوو ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەش ناوەندەکانی مافی مرۆڤ هەواڵی کوژرانی ئەو خۆپیشاندەرانەیان پشتڕاست نەکردووەتەوە.

ئاڵۆزییەکان هەتا دێت پەرە دەستێنن

لەلایەکی دیکەشەوە هێزە ئەمنییەکان لە شارەکانی (شائاباد، کرماشان، سنە، ورمێ، تاران و تەورێز و ...) بۆ بڵاوپێکردنی خۆپیشاندەران گازی فرمێکسرێژیان بەکار هێناوە ڕاستەوخۆ تەقە لە خۆپیشاندەران کراوە. بەگوێرەی زانیاری میدیاکانیش لە چەندین شار لە ڕووبەڕوو بوونەوەی خەڵک و خۆپیشاندەراندا ئۆتۆمبێلی هێزە ئەمنییەکان سووتێدراون و لە تاران و پارێزگای گولستان لە باکووری ئێران دوو بانک سووتێدراون و ئاڵۆزییەکان هەتا دێت پەرە دەستێنن.

شایەنی باسە بە گوێرەی ڕوونکردنەوەیەک کە کۆمپانیای نیشتمانیی دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی ئێران بڵاویکردووەتەوە، ئەو بەنزینەی لەلایەن حکوومەتەوە دابیندەکرێت پێشتر مانگانە تا 60 لیتر، هەر لیترێکی بە هەزار تمەن بووە بەڵام ئێستا بەرزبووەتەوە بۆ هەزار و 500 تمەن. لە ئەگەری بەکارهێنانی زیاتر لە 60 لیتر بەنزین لە مانگێکدا بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک ئەوە نرخی لیترێک بەنزین بۆ سێ هەزار تمەن بەرزدەبێتەوە.



ڕۆژنامەوانێکی فەرەنسی یادەوەرییەکانی خۆی لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول دەگێڕێتەوە


بارزانی پێی گوتم ڕەوشتی ئێمە ئەوە نییە خەڵکی بێتاوان بکوژین

یەکەم شت کاری تێکردم کە کوردستان وڵاتێکە و بەدوای سەربەخۆییدا دەگەڕێت



ڕۆژنامەنووسی فرەنسیی، ژان ماری پرادییێر:

دوای ئەوەی بابەتێکم دەربارەی بێدەنگیی دونیا لەسەر کوردستان خوێندەوە، بڕیارم دا بچم بۆ کوردستان



ژان ماری پرادییێر ڕۆژنامەنووسێکی فرەنسییە، ئەو لە ڕۆژانی شۆڕشی ئەیلوولدا بە کورد ئاشنابووە و تا ئێستاش پەیوەندی لەگەڵ دۆزی کورد بەردەوامە، ژان ماری پرادییێر، ڕۆژنامەوانێکی فەرەنسییە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، چەند جارێک سەردانی کوردستانی کردووە و لە نزیکەوە سەرکردایەتیی شۆڕش و پێشمەرگەی کوردستانی بینیوە، ئەمە بەشێکی هەڤپەیڤینێکی ئەو ڕۆژنامەنووسەیە کە لەگەڵ کوردستان 24 ئەنجامی داوە، وەک شایەتحاڵێک ئەو چیرۆکانەی سەردەمی شۆڕشی کورد دەگێڕێتەوە، کە بە چاوی خۆی بینیویەتی.

*** بەڕێزتان دۆستێکی نزیکی گەلی کورد و شۆڕشەکەین، لەکەیەوە و چۆن ئەو دۆستایەتییە دروستبووە؟**

– ژان ماری پرادییێر: ئێمە چیرۆکێکی دوور و درێژە، لە سەردەمی شەڕی جەزائیر وەک ئەفسەر لە سوپای فەرەنسا خزمەتم دەکرد، بە ڕاستی بارودۆخێکی ترسناک بوو، شەڕ بوو دژی خۆپیشاندان و ئازادی و خەڵک، ئیتر لە ساڵەکانی شەستەکاندا لە جەزائیرەوە گەڕامەوە. ئەو کاتەی گەڕامەوە فەرەنسا، لە زانکۆی فەرەنسی دەستم بە وانەوتنەوە کرد، کاتێک ڕۆژنامەکانم دەخوێندنەوە بۆ ئەوەی بزانم چ شتێک دروستە، بابەتێکم خوێندەوە، وەکوو ڕۆژنامەنووسان پێی دەڵێن نهێنییەکانی شەڕ، یاخود پشتگوێخستنی خەڵک، ئەوەش دەربارەی شۆڕشی کورد بوو. بەڵام تەنیا یەک بابەتی بچووک هەبوو، پێویستە بیرت بێت چی شتێک لە شەستەکاندا دروست بوو.

ڕۆژێکیان بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێشم دەربارەی بێدەنگیی دونیا لەسەر کوردستان خوێندەوە، دواتر وتم دەبێت زیاتر بزانم، لە پاشاندا بڕیارم دا بچم بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی تێ بگەم بۆچی خەڵکی کورد شەڕ دەکەن. پرسیارم لەخۆم دەکرد: ئایا ئەمە شەڕی ناوخۆی خۆیانە، یان شەڕی عەرەبە لە دژی کورد؟ ئایا ئەم شەڕە سیاسییە، یان ئایینییە؟ بۆیە نەمەدەزانی. لەو کاتەدا ڕۆژنامەنووسێک بە ناوی (ڕۆنیۆ مەریۆس) سەردانی کوردستانی کردبوو، ڕێک ساڵی 1965 بوو، ناوبراو لە شەڕی هەندرێن وەکوو شایەتحاڵێک بوو، ئەو شەڕەی لە نێوان سوپای ئەوکاتی عێراق و پێشمەرگە لە ناوچەی ڕواندز ڕووی دابوو، واتە ئەو شوێنەی پێی دەوترێت شاخی هەندرێن.

یەکەم شت کاری تێکردم، کوردستان وڵاتێکە و بەدوای سەربەخۆییدا دەگەڕێت، وڵاتێکی سەربەخۆ و ڕێزگرتن لە هەموو کەس. دواتر لە ڕێگایەکی بچووکەوە چوینە ناوپردان. ناوپردان ناوچەیەکی بچووک، هاوشێوەی لادێ بوو، لە گەڵاڵە نزیک بوو، کە ئەم ناوچەیە زۆرتر گرنگ بوو. ناوپردان بنکەی سەرەکیی پارتی دێموکراتی کوردستان بوو، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە لە بواری هەواڵگریی خزمەت دەکەن، لەگەڵ هەندێک کەسی دیکە.

لەگەڵ ئەفسەرێکی پێشمەرگە بووم، هەرچەندە بارودۆخەکە زۆر مەترسیدار بوو، بەڵام کارەکەیان سەرسوڕهێنەربوو. بۆ ئەوەی جەنەراڵ مەلا مستەفا بارزانی ببینم، زۆر هەستێکی خۆشم هەبوو، بە ئۆتۆمبێلێکی جێپ ڕێشتین، لەبەر ئەوەی جەنەراڵ بارزانی لەناوپردان نەدەژیا، چونکە جێگایەکی زۆر مەترسیدار بوو، جۆرێک لە بنکەی سەرەکی تایبەتی هەبوو، کە لە سنووری ئێران زۆر دوور نەبوو. لەو کاتەدا کوردستان جیا کرابووەوە، هاوشێوەی دوورگەیەک بوو، لەلایەک ئێران کە هەندێک جار یارمەتی کەی دی پی دەدا، لەبەرئەوەی ئێران کێشەی لەگەڵ سووریا و تورکیا و چەند وڵاتێکی دیکە هەبوو، لەلایەکەشەوە دیکەوە سووریا و تورکیا. وەکو دەشزانیت، حکوومەتی تورکیا هەرگیز لەگەڵ کورد میهرەبان نەبووە. زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، دەبینی ژیان لە شاخەکان و لەگەڵ بارودۆخی زۆر خراپدا و چەند کەلوپەلی سەربازیدا، چەند سەختە. من لە سوپای فەرەنسا ئەفسەر بووم، بۆم دەرکەوت کە بەشێک لەو چەک و تەقەمەنییانە، هی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیی بوون، وەکو ڕادیۆ و چەکی ڕەشاش. ئەوان چەکی ڕەشاشیان لە بازاڕی نێودەوڵەتی دەکڕی و لە ڕێگای سووریا و تورکیا و چەند وڵاتێکی دیکە هەبوو، لەبەر ئەوەی جەنەراڵ بارزانی ببینم، زۆر هەستێکی خۆشم هەبوو، بە ئۆتۆمبێلێکی جێپ ڕێشتین، لەبەر ئەوەی جەنەراڵ بارزانی لەناوپردان نەدەژیا، چونکە جێگایەکی زۆر مەترسیدار بوو، جۆرێک لە بنکەی سەرەکی تایبەتی هەبوو، کە لە سنووری ئێران زۆر دوور نەبوو. لەو کاتەدا کوردستان جیا کرابووەوە، هاوشێوەی دوورگەیەک بوو، لەلایەک ئێران کە هەندێک جار یارمەتی کەی دی پی دەدا، لەبەرئەوەی ئێران کێشەی لەگەڵ سووریا و تورکیا و چەند وڵاتێکی دیکە هەبوو، لەلایەکەشەوە دیکەوە سووریا و تورکیا. وەکو دەشزانیت، حکوومەتی تورکیا هەرگیز لەگەڵ کورد میهرەبان نەبووە. زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، دەبینی ژیان لە شاخەکان و لەگەڵ بارودۆخی زۆر خراپدا و چەند کەلوپەلی سەربازیدا، چەند سەختە. من لە سوپای فەرەنسا ئەفسەر بووم، بۆم دەرکەوت کە بەشێک لەو چەک و تەقەمەنییانە، هی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیی بوون، وەکو ڕادیۆ و چەکی ڕەشاش. ئەوان چەکی ڕەشاشیان لە بازاڕی نێودەوڵەتی دەکڕی و لە ڕێگای

داهاتوو قورستر دەبێت، بەڵام دڵنیا بن سەردەکەون

*** بەڕێزتان چەند جارێک لە کاتی شۆڕشی ئەیلوولدا سەردانی کوردستان و پێشمەرگەکەتان کردووە و سەرکردایەتیی شۆڕشتان بینیوە؟**

– ژان ماری پرادییێر: بەڵێ، هەر زۆر، هەندێک شت هەیە پێویستە پێت بڵێم. ئەوکات زۆر کاتم هەبوو، هیچ کەسێک وەک کۆڕیای باکوور، یان وڵاتانی دیکە نەبوون، بە دوای من بکەوێت و بەهیچ شێوەیەک پەیوەست ناکات هێرش بکەمە سەر کەسانی بێتاوان.

*** ئەگەر ئەو ڕۆژانە بەبیر بهێنیتەوە، باس لەچی دەکەیت؟**

–ژان ماری پرادییێر: هەز دەکەم پێت بڵێم، گەر بتەوێت دەربارەی بارودۆخی کورد لە 1975 قسە بکەم باشە؟ دوایین سەردانم بۆ لای بارزانی 1972 بوو. لە ساڵی 1972 لە بەغدا هاوسەرگیریم کرد، کاک سامی شایەتی هاوسەرگیرییەکەم بوو، ئەوکات لە زانکۆی ئیستانبول وانەم دەگوتەوە، پاشان گەڕاینەوە بۆ ناوپردان بۆ لای بارزانی، دەزانی ئەوکات سیاسەتی دونیا بەرانبەر کورد بەرز و نزم دەبووەوە؟ شەڕ، ئاشتی، ئاگربەست. شەڕ، ئاگربەست، شەڕ. دۆخەکە بەردەوام بەم شێوەیە بوو. ئەو کاتەی هەوڵمدەدا بچمە کوردستان، هیچ کات دڵنیایی نەبوو کە ڕێگەم پێ دەدرێت لە سنوور بپەڕمەوە، یاخود نا، دواجار دواتر بڕیارم دا بگەڕێمەوە کوردستان. لە زستانی 1975 دەوروبەری ساڵی 1974 و 1975 بوو، بەڵێ زستانی 1975 بوو، چوومەوە لای کامەران بەدرخان و پێم گوت دەمەوێت بچمەوە خەڵک بە شێوەیەکی ئاسایی قسەیان دەکرد. کورێکی گەنجی بارزانی، کە ناوی ئیدریس بوو، هەروەها مەسعود، زۆر بێدەنگ و سەرقاڵ بوون. بارودۆخەکە ئارام بوو، ئەوکات جۆرێک لە یەکسانی هەبوو، ئەگەر لەگەڵ سەرکردە چەپەکانی ئەوکات، مەبەستم قیدل کاسترۆ، یان ماو تسی تۆنگ و هەندێک سەرکردەی دیکە بەراوردت بکردایە، بارزانی کەسێکی زۆر سادە و بێدەنگ بوو. قسەی دەکرد بێ ئەوەی هاوار بکات، یان ڕیکلام بکات. چەند جارێکی کەم و هەندێک ڕستەی دەگوت، دەزانی بۆچی کاتێک لە سەرەتادا دوای ئەوەی پرسیارت لێ کردم، پێکەنیم؟ ئەوکاتە من زۆر هەرزەکار بووم و هەندێک شتم دەربارەی دەروونزانیی شەڕ، تۆندوتیژی و تیرۆریزم و ئەوانە دەزانی، تەنانەت جێبەجێکردن وشەیەکی فەرەنسییە، وەکوو پێیان دەگوت دەروونزانیی شەڕ، دواتر پرسیارم لە بارزانی کرد، بۆچی ئێوە کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام نادەن؟ وەکوو چۆن فەلەستینییەکان تەقینەوە و ئاگریان لە فڕۆکەکان بەردەدا، بە بۆمب هێرشیان دەکردە سەر سەفارەتەکان و بەو شێوەیە؟ لە وەڵامدا بارزانی گوتی: ئەمە باش نییە، ئەمە ڕەوشتی ئێمە نییە، لەبەرئەوەی خەڵکی بێتاوان دەکوژرێت. بۆیە من نامەوێت ئەوە بکەم، پێویستە بەرگریی لە وڵاتەکەم و لە کورد و گەلی کورد بکەم، هەموو ئەو چەک و تەقەمەنی و تانک و چەکە قورسانەی لایانەهەیە بۆ ئەمەریکییەکانی بگەڕێننەوە، گوتیان ئێستا شەڕ تەواو بووە، بێزەحمەت ئەوەی پێتان دراوە، بۆمانی بگەڕێننەوە، بەڵام بارزانی گوتی نەخێر، لای خۆمان دەیانپارێزین.

بەڕاشکاوییەوە دەڵێم، لەبەر چەند هۆکارێک ئێستا هەست دەکەم داهاتوو قورستر دەبێت، بەڵام دڵنیا بن سەردەکەون. ئومێد دەکەم کوردستان جۆرێک لە یەککگرتوویی هەبێت لە ڕووی سیاسییەوە، تەنانەت ئەگەر بۆچوونی سیاسی جیاوازیش، یان شتی دیکەش هەبێت، بەڵام پێکەوەیی و دیدگا زۆر گرنگە، لەمن تێ دەگەیت؟ کوردەکان خەڵکانێکن ئازادییان دەوێت، بەڵام هەندێک جار سەربەخۆیی دەبێتە هۆی دابەشکردن و لەتبوون، بۆیە پێویستە پارێزگاریی لە کولتووری خۆت بکەیت، ئەمەو بەبێ ئەوەی هەوڵی جیاکاری بدەیت و پێکەوە کار بکەن. ڕاستییەکەی پێویستە کوردستان گەشە بکات، سەرەتا لە خزمەتگوزارییە سروشتی و سەرەتاییەکان، لە زەوی و ڕێگاوبانەکان و باخچەکان و چەند کەرتێکی دیکە، پێموایە بەم شێوەیە، کوردستان دەتوانێت ببێت بە دەرگایەک بۆ جیهان.

*** قسەیەکت هەیە وەک دوا وتەی ئەم دیدارە کە پێت خۆش بێت ئاماژەی پێ بکەیت و لە پرسیارەکاندا نەهبوبێت؟**

– ژان ماری پرادییێر: ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەم نەوەی تازە و بۆ خەڵکی ئێستاش، هەمیشە میژووی خۆیان، شەڕ و تێکۆشانەکانیان لەبیرباندا بمێنێتەوە، هەمووئەو قوربانیانەی داویانە، ڕەفتارە جوانەکانیان، ڕەوشتبەرزیی هەموو ئەو کوردانەی ئەو ماوەیە بۆ یەککگرتوویی شەڕیان کرد. بەڕاستی زۆر سەرم سوڕماوبو لە کوردستان، لەبەرئەوەی هەستم دەکرد ئەمە نیشتیمانی ئازادییە، ئازادیی ئایینی، ئازادیی جێنەدەری و یەکسانیی لەنێوان پیاو و ژن، ڕێکخستنەکانیان، خۆشەویستیان بۆ وڵاتەکەیان، خۆشەویستێکی زۆر لەسەر شێوە کۆنەکە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی دەبینی لە هەموو جیهان خەڵکی ڕەفتاری جوانیان لەدەست داوە، سەیرکە.. (بە پێکەنینەوە)، ناتوانم لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بڵێم، بەڵام کاتێک دەبینی ئەو بارودۆخەی لە چین هەیە، ئایا ئەمە دێموکراسییە؟ نەخێر، ئەمە جۆرێکە لە خەون، هەندێک خەڵک وەکو فەرەنسییەکان کێشەی زۆریان هەیە، بەڵام کاتێک دەڕوانیتە ڕابردوو، هەندێک کات هەبووە دەگونجێت پێکەوە کار بکرێت و جیاواز بیربکەنەوە، ئیتر بەم شێوەیە. ئەگەر ئێستا سەیری کوردستان بکەیت و بە50 ساڵ پێش ئێستا بەراوردی بکەیت، دواتر دەڵێیت ئای خوایە گیان، وەکوو لاس ڤیگاس وایە، ئۆتۆنۆمی، ئابووریی ئۆتۆنۆمی، ئابووریی سەربەخۆ.

نەوتی سپی بۆ 108 قوتابخانەو باخچەی ساوایانی سنووری ناحیەی کەسنەزان دابینکرا



ئەرکە مرۆڤانەیەیدا کە لەپاڵ ئەوەی بەهۆیەوە کەشێکی لەبارو ئارام بۆ مامۆستایان و قوتابیان دابین دەبێت و خزمەتێکی گەورەیە بە رۆڵەکانی میللەتەکەمان چاکەو پاداشتیشی لای خودای گەورە هەیە، بۆیە ئومێدەوارین ئەم هەنگاوە ببێتە مایەی هۆکارێک بۆ کەسانی دیکەی خێرخوازو خواپێداو بۆ خزمەتکردن و هاوکاریکردنی کەسانی پێویست. دواتر لەرێگەی چەند لێژنەیەکی دەستنیشانکراوەوە نەوتی سپی پێویست بەسەر108 قوتبخانەو باخچەی ساوایان لەسنووری ناحیەی کەسنەزان و کۆمەڵگای شاویس و مەلا ئۆمەرو گوندەکانی دەوروبەریان دابەشکرا.

سەرۆکی لیژنەی کەسنەزان دابین کرا.

سەرەتا بڵند ئیسماعیل بەناوی لقی 16ی هەولێر سوپاس و پێزانینی ئاراستەی خێرخواز عەبدولواحد حوسێن برادۆستی کرد لەبەرامبەر ئەو بەرێوەبەرانی قوتابخانەکانی سنوورەکە لەسەر ئەرکی خێرخواز عەبدولواحد حوسێن برادۆستی و بەهەماهەنگی لێژنە ناوچەی کەسنەزان نەوتی سپی پێویست بۆ108 قوتابخانەو باخچەی ساوایانی بەئامادەبوونی کارگێرانی لق و بەرپرسی لێژنە ناوچەی کەسنەزان و بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرو بەرێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێرو بەرێوەبەری ناحیەی کەسنەزان و ژمارەیەک لە

ئەنجوومەنی وەزیران: دەبێت لە کاتی پێدانی مۆڵەت بە باڵەخانەکان رەچاوی سیمای شارستانێتیی شارەکە بکرێت



ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێری کرد و لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی و سەرجەم بەرپرسانی بەشەکانی سەرۆکایەتییەکە کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە وردی لە کاروباری سەرۆکایەتییەکە و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی سنووری شارەوانیی هەولێری کۆڵیەوە، گوتی: کاری شارەوانییەکان بەتەنیا پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی نییە کە ئەمە ئەرکێکی گرنگە، بەڵکوو کاری شارەوانییەکان بایەخێکی گەورەی نیشتمانی و کولتووریشی هەیە، بە تایبەتی لە ڕووی جوانکاری شار و پێدانی مۆڵەت بە باڵەخانەکان کە دەبێت ڕەچاوی سیمای شارستانێتیی شارەکە بکرێت بە جۆرێک هەولێر وەک براندێکی گەشتیاریی و شارستانێتی لە ناوچەکەدا دەربکەوێت و بەهۆیەوە گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێبکەن، بەپێی ئەوەی پایتەختی هەرێمی کوردستانە. هەروەها گوتیشی: دەبێت لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا ڕەچاوی کوالێتی باش و سوودمەند بن، گوتیشی، هاوواڵاتیان مافی خۆیانە خزمەتی زیاتریان بکرێت و لە کاروبارەکانیاندا بکرێت و ڕۆتین لە دامەزراوەکان کەمبکرێتەوە. تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە گفتوگۆکردن بوو لەسەر جەنجاڵی شار و دۆزینەوەی میکانیزمی خێرا وەک دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی پردی پەڕینەوە و هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە هاتوچۆی شاری هەولێر بۆ چارەسەرکردن یان کەمکردنەوەی جەنجاڵی لە ترافیک و شەقامە سەرەکییەکاندا، هەروەها بایەخدانی زیاتر بە زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی لەناو شار و شارۆچکەکان بدرێت.

بەرپرسی لقی 24: پێویستە لاوان وەک ڕابردوو شوێندەستیان لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگادا دیاربێت



هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی، لە بارەگای لقی 24ی سەفین بە ئامادەبوونی مامۆستا سرود بەرپرسی ناوچەی باسرمە لەگەڵ بەرپرس و ستافی ڕێکخراوی دلسۆزانی بارزانی و کۆمەڵێک گەنجی خۆبەخشی سەر بەم ڕێکخراوە کۆبوونەوە.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە چەند ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان سەروەریان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستیپێکرد.

دواتر بەرپرسی لقی 24 باسی لە ڕۆڵی پارتی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان کرد و ئەوەی خستە ڕوو کە پەیوەندیی پارتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد بنیات نراون و بەرەو بەرفراوانی زیاتر و بەهێزتر دەچێت. دواتر ئاماژی دا بە ڕۆڵی گرینگی گەنجان لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد و بە تایبەتی لەناو ڕیزەکانی پارتیدا بەرزنرخاند و ڕایگەیاند کە بۆ داهاتووش پێویستە لەبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا و هاوشێوەی ڕابردوو شوێن دەستیان دیاربێت.

لای خۆشیانەوە ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە سوپاسی بەرپرسی لقی4ی سەفینیان کرد بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لێیانی کرد و بەلێنی بەردەوام بوونیان لەسەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانی دا.

بەرپرسی لقی 24: پێویستە لاوان وەک ڕابردوو شوێندەستیان لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگادا دیاربێت

هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی، لە بارەگای لقی 24ی سەفین بە ئامادەبوونی مامۆستا سرود بەرپرسی ناوچەی باسرمە لەگەڵ بەرپرس و ستافی ڕێکخراوی دلسۆزانی بارزانی و کۆمەڵێک گەنجی خۆبەخشی سەر بەم ڕێکخراوە کۆبوونەوە.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە چەند ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان سەروەریان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستیپێکرد.

دواتر بەرپرسی لقی 24 باسی لە ڕۆڵی پارتی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان کرد و ئەوەی خستە ڕوو کە پەیوەندیی پارتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد بنیات نراون و بەرەو بەرفراوانی زیاتر و بەهێزتر دەچێت. دواتر ئاماژی دا بە ڕۆڵی گرینگی گەنجان لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد و بە تایبەتی لەناو ڕیزەکانی پارتیدا بەرزنرخاند و ڕایگەیاند کە بۆ داهاتووش پێویستە لەبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا و هاوشێوەی ڕابردوو شوێن دەستیان دیاربێت.

لای خۆشیانەوە ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە سوپاسی بەرپرسی لقی4ی سەفینیان کرد بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لێیانی کرد و بەلێنی بەردەوام بوونیان لەسەر ڕێبازی پیرۆزی بارزانی دا.

بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت 47 بەرکەوتەی چەکی کیمیایی ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان ڕوونیکردەوە: بە ڕەزامەندی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو نەخۆشانەی کە بەرکەوتەی کیمیایین و پێویستیان بەچارەسەرکردن هەیە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن و نوێنەری وەزارەتی تەندروستیش لەگەڵ ئەو بەرکەتووانە دەچێت و بڕیارواڵە لەماوەیەکی نزیکدا 47 کەس لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی ڕەوانە بکرێن و ڕەزامەندیش وەرگیراوە. دواتر وەزیری تەندروستی ئاماژەی بە کێشەکانی پڕۆژەی نەخۆشخانەی بەرکەوتووان لە هەڵەبجەی شەهیدیش دا و گوتی: لەئایندەیەکی نزیکدا کێشەکان چارەسەر دەکرێن.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و مهیربان

بەڕێز عەلی خەلیل

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیار و مامی بەڕێزتان فەریق بێتکاری- مان پێگەیشت.

هاوخەمیمان بۆ بەڕێزتان و خانەوادەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

بەمۆ... تەقینەوەی مینێک قوربانیی لێکەوتەوە

خەبات- سەبریە یوسف: لە سنوری شارەدێی بەمۆی هاوسنوری گەرمیان و سەر بەپارێزگای هەڵەبجە گەنجێک بەهۆی تەقینەوەی مینەوە گیانی لەدەستدا. دوێنێ سمکۆ سالار، بەرێوەبەری شارەدێی بەمۆی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە، بە خەباتی ڕاگەیاند: تەقینەوەی مینێکی چێنراو لە سنوری چیای بەمۆ کە هاوسنوری کۆماری ئیسلامی ئێرانە بووە هۆکاری گیان لەدەستدانی گەنجێک بەناوی سەفەر یوسف گول محەمەدی تەمەن 32 ساڵ. ناوچە سنووریەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران مەیدانی جەنگی 8 ساڵەی عێراق و ئێران بوون، تا ئێستاش مینەچێنراوەکانی ئەو جەنگە لەسنوری چیای بەمۆ مەترسین لەسەر ژیانی هاوڵاتیان.

ژمارەیەک جەنتا و پێداویستی بەسەر ژمارەیەک قوتابخانەکانی پەروەردەی مێرگەسۆر دابەشکرا



مسلم دزلەمەری- بارزان:

لەسنوری پەروەردەی مێرگەسور بە هاوبەشی هەردوو دەزگای خێرخوازی بارزانی و دەزگای خێرخوازی حاجی یەحیا هەندێ پێداویستی تایبەت بەسەر ژمارەیەک لە قوتابخانەکانی ئەم سنوورە دابەشکران. سەبارەت بەم هاوکارییانە حاجی ڕەمەزان فارس عەلی بەرپرسی گشتی دەزگای خێرخوازی حاجی یەحیا گوتی: ئێمە هەردوو دەزگای خێرخوازی بارزانی و دەزگای خێرخوازی حاجی یەحیا بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مێرگەسوور زیاتر لە 720 جەنتامان بەسەر قوتابیانی پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی لە ژمارەیەک قوتابخانەی سنوری پەروەردەی مێرگەسور دابەشکرد. هەروەها دابینکردنی 70 سۆباو زیاتر لە 60 سەبورەشمان دابینکرد.

وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەری دا

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: بێگەرد تاڵەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەگەڵ کۆمەڵەو ڕێکخراوو کۆمپانیاکانی تایبەت بە پەلەوەرو ئالیک کۆبوونەوەیەکی فراوانی بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت سازکرد بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی بەردەم پیشەسازی پەلەوەر لەپێناو بایەخدانی زیاتر بە بەرهەمی ناوخۆیی و سنووردارکردنی بەرهەمی هاورده و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی پیشەسازی پەلەوەرو سنوردارکردنی هێلکەی تایبەت بۆ هەڵهێنەرەکان و خستنە لیستی ڕەشی ئەو کۆمپانیایانەی کە بەرهەمی قەدەغەکراو هاورده دەکەن.

قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر بە زیاتر لە 200 ملیۆن دینار سزای سەرپێچیکارانی داوە

ماوەیەکە قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر هەڵمەتێکی دەستپێکردووە و بەردەوام دەست بەسەر ئەو کۆگا و ناوەندانەدا دەگیرێت کە کەلوپەل و خۆراکی ماوە بەسەرچووی تێدایە و ڕووبەڕووی دادگایان دەکەنەوە.

قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر، نەبەز عەبدولحەمید لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتی: ئێمە وەک قایمقامییەتی قەزای ناوەندی هەولێر، سەرپەرشتی 28 لیژنە دەکەین کە ڕۆژانە کارەکانیان ئەنجام دەدەن لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ چاودێری خۆراک، دەرمانی قڕکەر، قێتەنەری، و پاڵاوگەکان، سووتەمەنی، مۆلیدە ئەهلییەکان و ڕێکخستنی بازاڕ و کۆمەڵێک سێکتەری دیکە، لەم چوارچێوەیەشدا لەماوەی ڕابردوو چەند جێگایەک دەستی بەسەردا گیرا کە کۆگای خۆراک بوو، بڕێکی زۆر دەرمانی ماوەبەسەرچوو کە تایبەت بوو بە پەلەوەر، ئاژەڵ و ماسی کە دەرمانی واهەبوو قەدەغەکراوبوو، لەم دۆسیەیەشەوە چوار کەس دەستگیرکراون و دوو کەسی دیکەش فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە. نەبەز عەبدولحەمید گوتیشی: هاوواڵاتی ترسی لەوە نەبێت کە هیچ خۆراکێک شایانی خواردن نییە، چونکە ماوەی چەند ڕۆژێ ڕابردوو هەندێک خواردن کە سەر بە برانێدێکی گەورەبوو، دەستی بەسەرداگیرا، بەڵام مانای ئەوەنییە تەواوی جۆرەکانی ئەم برانده ماوە بەسەرچووە، چونکە لە ڕێگای دەروازە و گومرگەکاندا داخل دەبن و ڕێککاری پێویستییان بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی سزادراون بەم هۆیەوە، نەبەز عەبدولحەمید گوتی: لە 1/1 تا ئێستا زیاتر لە 200 ملیۆن دینار سزای ئەو شوێنانە بووە کە سەرپێچی کردووە، بە سەدان تۆن خۆراک و دەرمان دەستی بەسەرداگیراوە، سەدان شوێن داخراوە، کافتریاکانی کە بەدەر لە ڕێنماییەکان کرابوونەوە و شوێنی قومارکردن بوون داخران، لیژنەکانمان بەردەوامن و پێویستمان بە هاوکاری هاوواڵاتییان هەیە، ئەگەر تێبینی یان هەر شوێنێک هەیەتی ئەوا ئاگادارمان بکاتەوە. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە دەیانەوێت شێوازی نووسینی تابلۆکان ڕێکبخەنەوە و بەو هەڵانەدا بچنەوە کە لە نووسینی تابلۆکاندا هەیە. قایقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر لەمبارەیەوە گوتی: ئاگاداری گەشتوگوزار کراوەتەوە لەکاتی نوێکردنەوەی مۆڵەت، پێداچوونەوە بۆ تابلۆکان بکرێت و پێویستە بە زمانێکی پاراوی کوردی بنووسرێت و ئەمەش مەرجی سەرەکی نوێکردنەوەی مۆڵەتە.



هەولێر.. ژۆژانە شەش کەس تووشی نەخۆشی شەکرە دەبن

بۆ ماوەی یەک مانگ هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەو پشکنینی نەخۆشانی شەکر بەردەوام دەبێت



د. شوان ئیسماعیل: لە شاری هەولێر، 40 هەزار و 759 توشبوو بە نەخۆشی شەکرە لە سەنتەری لەیلا قاسم تۆمار کراون

بەڕێوەبەری سەنتەری لەیلا قاسم: زیاتر لە 7 هەزار تووشبوو ئاوارە و پەنابەرن و 32 هەزار و 866 توشبووش خەڵکی سنووری پارێزگای هەولێر

تووشبوانی نەخۆشی شەکرە پێویستە شێوازی ژیانی خۆیان بگۆڕن و دەست بە جوواڵە و وەرزش بکەن و ڕەچاوی خواردن بکەن



خەبات: هەولێر

بەڕێوەبەری سەنتەری لەیلا قاسم بۆ نەخۆشی شەکرە، دکتۆر شوان ئیسماعیل دەهام دەڵێت: پارسااڵ 36هەزار و 900 تووشبوو تۆمارکراوون، بۆ ئەمساڵیش تا ئێستا ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە 39 هەزار و 700 نەخۆش و بەم پێیەش لە یازدە مانگی ڕابردوودا زیاتر لە دوو هەزار تووشبووی نوێ تۆمارکراون، لە هەردوو جۆری شەکرە کە لەو ڕێژەیەش 60% لە ڕەگەزی نێر و 40% لە ڕەگەزی مێینەن".

نەخۆشی شەکرە یەکێک لە نەخۆشییە باوەکانی سەردەم کە جۆرێک شێوانی مێتابۆلیزمی لەشە. لەم نەخۆشییەدا ڕێژەی گلوکۆزی خوێن بەرز دەبێتەوە و لەش ناتوانێت ئەنسۆلینی پێویست بۆ دابەزاندنی شەکری خوێن بەرهەم بهێنێت یان لەش لە بەرامبەر ئەنسۆلینەوە خۆڕاگری دەکا و بەم بۆنەوە ئەنسۆلین ناتوانێت کاری ئاسایی خۆی ڕاپەڕێنێت.

نەخۆشی شەکرە دوو جۆری سەرەکی هەیە کە شەکرەی جۆری یەک بە هۆی تیاچوونی خانەکانی پێتا لە پەنکریاسدا بەدی دێت کە دەبێتە هۆی کەموکوڕی بەرهەمهێنانی ئەنسۆلین. لە جۆری دووەمیشدا لەش لە بەرامبەر ئەنسۆلینەوە خۆڕاگری دەکات و ناهێڵێت ڕێژەی شەکری خوێن دابەزێنێت. لە شەکرەی جۆری دووەمدا دیارە هۆکارەکانی بۆماوەیی، قەڵەوی و تەمبەڵی ڕۆژانەی خەڵک دێنە ژمارە.

ڕۆژی 14ی تشرینی دووهەم لە سەرانسەری جیهاندا بە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی ئەم نەخۆشییە ناوسراوە و لە هەرێمی کوردستانیش بە هۆی ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی شەکرە دەبن لە هەڵکشاندایە، بەو بۆنەیە هەڵمەتی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچن.

بە پێی بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەوانی، لەماوەی 11 مانگی ڕابردوو نزیکەی دوو هەزار کەس لەسەنتەری لەیلا قاسم بۆ نەخۆشییەکانی شەکرە لە هەولێر تۆمارکراون، واتا ڕۆژانە شەش کەس لە هەولێر تووشی شەکرە دەبن.

بەڕێوەبەری سەنتەری لەیلا قاسم بۆ نەخۆشی شەکرە، دکتۆر شوان ئیسماعیل دەهام لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: نەخۆشی شەکرە، نەخۆشییەکی دڕێژخایەنە بەهۆی کەمبوونی ڕێژەی هۆرمۆنی ئەنسۆلین لە لەشدا، یان پەیداکردنی ڕێزیستانس لەلایەن خانەکانی لەشی مرۆڤەوە و ناتوانێت سوود لەم ئەنسۆلینە وەربگرێت کە لە جەستەی مرۆڤدا هەیە، بەم هۆیەوە ڕێژەیەکی کەم لە شەکری گلۆکۆز دەچێتە ناو خانەکانی لەش و وا دەکات کە ڕێژەی شەکر لە خوێندا بەرزبێتەوە.

نەخۆشی شەکرە بە شێوەیەکی سەرەکی دوو جۆرە و سەبارەت بە جۆرەکانی شەکرەش دکتۆر شوان ئیسماعیل دەهام گوتی: "جۆری یەکەم زیاتر لە منداڵان دەبێت بەهۆی نەبوونی ئەنسۆلین لە جەستەی مرۆڤ و، دەبێت بەشێوەی ئەنسۆلینی دەرەکی و دەستکرد قەرەبوو بکرێتەوە، جۆری دووەم لە دوای 40 ساڵییەوە تووشی مرۆڤ دەبێت بەهۆی چەند فاکتەرێکی دەرەکی وەک قەڵەوی و کەمی جووڵەکردن و چەند هۆکارێکی دیکە، هەندێک جۆری دیکەش هەیە ئەو شەکردی بەهۆی دووگیانی تووشی ئافرەتان دەبێت، یان هەندێک جار بەهۆی دەرمانەوە مرۆڤ تووشی شەکرە دەبێت وەک دەرمانی کۆرتیزۆن".

بەڕێوەبەری سەنتەری لەیلا قاسم بۆ نەخۆشییەکانی شەکرە ڕایدەگەیەنێت کە تا ئێستا نزیکەی چل هەزار تووشبوو بە نەخۆشی شەکرە لە شاری هەولێر تۆمار کراون.

بەڕێوەبەری سەنتەری لەیلا قاسم بۆ نەخۆشییەکانی شەکرە ڕایدەگەیەنێت کە تا ئێستا ژمارەیەش 893 منداڵ هەیە، زیاتر لە 7 هەزار تووشبووش ئاوارە و پەنابەرن و 32 هەزار و 866 تووشبووش خەڵکی سنووری پارێزگای هەولێرن.

شوان ئیسماعیل ئەوەیشی خستەڕوو کە دوایین حاڵەتی تۆمارکردنی نەخۆشی شەکرە هاوواڵتییەکی سووری بووە کە بەم دواییە بەهۆی بارودۆخی سووریاوە هاتووەتە هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی ئامێرەکانیش، شوان ئیسماعیل گوتی: "ئەو ئامێرانەی بۆ سەنتەرەکەمان دابینکراوە ناتوانین بۆ هەموو نەخۆشانی دابین بکەین، بەڵام ئەوانەی پێشتر تووشی نەخۆشی شەکرە بوونە زۆربەیان ئامێری پشکنینیان هەیە، بۆیە ئەو ئامێرانە دەدەین بەو کەسانەی کە تازە تووشی نەخۆشی شەکرە بوونە یاخود منداڵن".

نەخۆشی شەکرە جۆرێک شێوانی مێتابۆلیزمی لەشە. لەم نەخۆشییەدا ڕێژەی گلوکۆزی خوێن بەرز دەبێتەوە و لەش ناتوانێت ئەنسۆلینی پێویست بۆ دابەزاندنی شەکری خوێنبەرهەمبهێنێت یان لەش لە بەرامبەر ئەنسۆلینەوە خۆڕاگری دەکا و بەم بۆنەوە ئەنسۆلین ناتوانێت کاری ئاسایی خۆی ڕاپەڕێنێت.

نەخۆشی شەکرە دوو جۆری سەرەکی هەیە کە شەکرەی جۆری یەک بە هۆی تیاچوونی خانەکانی بێتا لە پەنکریاسدا بەدی دێت کە دەبێتە هۆی کەموکوڕی بەرهەمهێنانی ئەنسۆلین. لە جۆری دووەمیشدا لەش لە بەرامبەر ئەنسۆلینەوە خۆڕاگری دەکات و ناهێڵێت ڕێژەی شەکری خوێن دابەزێنێت. لە شەکرەی جۆری دووەمدا دیارە هۆکارەکانی بۆماوەیی، قەڵەوی و تەمبەڵی دەوری سەرەکی دەگێڕن.

لەبارەی ئامارەکانی تووشبوو بە شەکرە لە شاری هەولێر، دکتۆر شوان ئیسماعیل گوتی: "پارسااڵ 36هەزار و 900 تووشبوو تۆمارکراوون، بۆ ئەمساڵیش تا ئێستا ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە 39 هەزار و 700 نەخۆش و بەم پێیەش لە یازدە مانگی ڕابردوودا زیاتر لە دوو هەزار تووشبووی نوێ تۆمارکراون، لە هەردوو جۆری شەکرە کە لەو ڕێژەیەش سەدا 60 لە ڕەگەزی نێر و سەدا 40 لە ڕەگەزی مێینەن".

شوان ئیسماعیل دەهام گوتیشی: "جگە لە خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئاوارە و پەنابەرانیش سوودمەند دەبن لە خزمەتگوزارییەکان و نزیکەی پێنج هەزار و 900 ئاوارە تۆمارکراون، هەروەها پەنابەرانیش تۆمارکراون".


بە گوتەی دکتۆر شوان ئیسماعیل دەهام، مانگانە جارێک پێویستە تووشبوو بە شەکرە سەردانی سەنتەرەکەیان بکات و پشکنینی نوێی بۆ ئەنجام بدرێت بەڵام ئەگەر تووشبوو تووشی حاڵەتێکی نەخوازراو بوو ئەوا پێویستە بە زووترین کات سەردانی پزیشک بکات و لەمبارەیەوە دەڵێت: "مانگانە جارێک تووشبووەکان پشکنینیان بۆ دەکرێت، پشکنینەکان بریتیین لە پشکنینیی چاو، گورچیلە، چاودێری خۆراک و چەند ڕێنماییەکی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لەلایەن دوو پزیشکەوە کۆرسی ڕێکخستنی خۆراک و خواردن دەدرێت بە نەخۆش لە هەر کۆرسێک 20 کەس سوودمەند دەبن، ئەو تووشبووەیشی کە لەکاتی خۆیدا سەردانمان نەکات، ئەوا لەلایەن ئێمەوە پەیوەندی و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت".

دکتۆر شوان ئیسماعیل دەهام گوتیشی: "گرنگترین ڕێنمایی ئەوەیە کە تووشبوو پێویستە شێوازی ژیانی خۆی بگۆڕێت و دەست بە جوواڵە و وەرزش بکات و ڕەچاوی خواردن بکات ئەوا دەبێتە هۆی کاریگەری کەمتریی نەخۆشییەکە لەسەر مرۆڤ".

سەبارەت بە ئامادەکاری سەنتەرەکەیان بۆ ڕۆژی جیهانی شەکرە، بەڕێوەبەری سەنتەری لەیلا قاسم بۆ نەخۆشی شەکرە دکتۆر شوان ئیسماعیل دەهام گوتی: "لە 10-14 تا 11-14 هەڵمەتێکمان هەیە لە شوێنە جیاجیاکان بۆ هۆشیارکردنەوە و پێدانی ڕێنمایی بە مەبەستیی خۆپاراستن لەم نەخۆشییەوە، بۆ ئەم ڕۆژە سێ تیممان ئامادە کردووە لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان، باغی شار و تیمێکیش لە سەنتەرەکەمان هەڵدەستن بە دابەشکردنی بڕۆشور و پشکنینی بەخۆڕایی بۆ هاوواڵتییان و ئەگەر زانیمان کەسێک ڕێژەی شەکرەکەی بەرزە، ئەوا دەینێرین بۆ سەنتەری لەیلا قاسم بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدەین".

بە تەواوکردنی، کێشەی پێنج کۆمەڵگای نیشتەجێبوون و 1000 قوتابی چارەسەر دەبێت

قوتابخانەیەک لە ساڵی 2013ەوە بە تەواونەکراوی ماوەتەوە



خەبات/ ڕۆشنا عەلی

قوتابخانەیەکی 28 پۆلی لە ساڵی 2013ەوە بە تەواونەکراوی ماوەتەوە، قوتابخانەکە لە 60%ی تەواوکراوە و بەجێهێڵراوە، دەکەوێتە گەڕەکی کورد ستی لە شاری سلێمانی و سنووری پێنج کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی لەسەرە وەک گەڕەکەکانی لوبنان ستی ، کورد ستی یەک، کورد ستی دوو ، صائب ستی و گەڕەکی جیهان دەگرێتەوە کەبە وتەی مامۆستایەکی ئەو سنورە 1000 قوتابی لێی سوود مەند دەبێت و کێشەی پێنج گەڕەک چارەسەر دەکات.



ناوات ڕەشید کەریم



وێنەی قوتابخانەیەک

ناوات ڕەشید کەریم مامۆستای قوتابخانەی سۆرانی بنەڕەتی و دانیشتووی گەڕەکی لوبنان ستی لە لێدوانێکی بۆ لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن لە ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان زۆر هەوڵیان داوە تا ئێستا داواکاریەکەیان جێبەجێنەکراوە ئەو وتی: ئەو قوتابخانەی گەڕەکی (کوردستی) لەسلێمانیە لە ساڵی 2013ەوە دەستی تەواو بووە داواکارین بۆمان تەواوبکەن ، چونکە لەپەروەردەی سلێمانیەوە نوسراو کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی سلێمانی بۆئەوەی قوتابخانەکەمان بۆ تەواو بکەن کە زۆرترین قوتابی هەژارنشینی تێدایە، کەبە پاس و تاکسی هاتوو چۆ دەکەن هەر مناڵێک بە دوو تەکسی و سێ تەکسی منداڵەکانیان هاتوو چۆ بەرپێز سەرۆکی حکومەت ئەکەن، ئێمە داوامان لە بەرێز وەزیری پەروەردە کردووە و سەردانی کردووین و داوا لە لەڕێگای وەزارەتی پەروەردە بکەن بۆ تەواو کردنی قوتابخانەکەمان.

ژمارەی قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە لە ئێستادا 1000 قوتابی و 28 پۆلە، بەڵام تەنها 12 پۆلی تێدایە و 16 پۆلی تر بە کۆنتێنەر دابین کراون بۆ ئەوەی قوتابیان بچنە ناویان، بەڵام ئەو کۆنتێنەرانە گونجاو نین بۆ خوێندن و ژیانی قوتابیان، بەتایبەتی لە وەرزی هاوین و زستاندا گەرمی و سەرمای زۆر دەبێت.

بۆئەنجومەنی پاریزگا بەژمارە 10096 لە بەرواری 7.3. 2019 ئەوانش بەرزیان کردۆتەوەبۆ وەزارەتی پلاندانان بەنوسراوی ژمارە 7128 لەڕێکەوتی 6.24. 2019دا بەناوی دروست کردنی قوتابخانەی 27 پۆلی کوردسیتی سلێمانی پارەی بۆ دەرچووە ، بەڵام نازانرێ بۆ ئەوپارەیەی بۆ سەرف نەکراوە. ئێمە وەک دانیشتوانی گەڕەکەکانی (لوبنان ستی، کوردستی یەک، کورد ستی دوو ، دییەستی، جیهان) چەند جارێ داوامان بەرز کردۆتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی سلێمانی بۆئەوەی قوتابخانەکەمان بۆ تەواو بکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکمان پێ نەگەیشتووە.

ئاوات ڕەشید کەریم مامۆستای قوتابخانەی سۆرانی بنەڕەتی و دانیشتووی گەڕەکی لوبنان ستی لە لێدوانێکی بۆ لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن لە ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان زۆر هەوڵیان داوە تا ئێستا داواکاریەکەیان جێبەجێنەکراوە ئەو وتی: ئەو قوتابخانەی گەڕەکی (کوردستی) لەسلێمانیە لە ساڵی 2013ەوە دەستی تەواو بووە داواکارین بۆمان تەواوبکەن ، چونکە لەپەروەردەی سلێمانیەوە نوسراو کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی سلێمانی بۆئەوەی قوتابخانەکەمان بۆ تەواو بکەن کە زۆرترین قوتابی هەژارنشینی تێدایە، کەبە پاس و تاکسی هاتوو چۆ دەکەن هەر مناڵێک بە دوو تەکسی و سێ تەکسی منداڵەکانیان هاتوو چۆ بەرپێز سەرۆکی حکومەت ئەکەن، ئێمە داوامان لە بەرێز وەزیری پەروەردە کردووە و سەردانی کردووین و داوا لە بەرێز سەرۆکی حکومەت ئەکەین بەدەم لەڕێگای وەزارەتی پەروەردەو قوتابخانەکەمان بۆ تەواو بکەن.

هەڵهێنانی هەنگاوێکی چوست بەرەو ئاسۆی ڕۆشنی پەروەردەیی

(هەمیشەییکردنی مامۆستایانی گرێبەست وەکو نموونە)



مەعروف حەمەد سەعید*

زۆربەی شارەزایانی بواری پەروەردەیی پایەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنیان لەسێ بنچینەدا چڕ کردۆتەوە کە بریتین لە (مامۆستا و قوتابی و پرۆگرامی خوێندن) و وەکو ئەو سێگۆشەیە باسیان لێوە کردووە کە لایەکانی یەکسانن، بەشێکی دیکەش چەند لایەنێکی دیکەی وەکو ژینگەی پەروەردەیی و سیستەم و پێداویستییەکانی دیکەیان بە تەواوکەری ئەو پرۆسەیە هەژمار کردووە، بەڵام دواجار بەبێ بوونی ئەو سێ پایەیە پرۆسەی پەروەردەیی ناکام و بێ ئامانج دەبێت.

مامۆستا تەوەر و پایەی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی کرداری فێرکردن، هەرچەند پرۆگرامی خوێندن پتەو و بێ کێماسی و ئامانجدار بێت، دەرەنجامی دڵخۆشکەر وەدەست ناێن ئەگەر مامۆستای بە توانا و وشیار و دڵسۆز و ئامادە کراو گیان نەخاتە بەر زانیارییەکانی نێو میتۆدی خوێندن و نەیگەیەنێتە قوتابی... بۆیە هەڵهێنانی هەنگاوی گەیشتن بە ئامانجە بااڵکان لە بواری پەروەردە و فێرکردن خۆی لە دەستەبەرکردن و ئامادەکردنی مامۆستا دەبینێتەوە بەشێوەیەک کە توانا و کارامەییە کردارییەکانی هاوئاست بێت لەگەڵ پێویستی قۆناغەکان دا .

سەبارەت بە ڕۆڵی مامۆستا لە بەڕێوەبردن و سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دا) ،پێتەر ئاون) کە بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکانە لە وەزارەتی پەروەردە و دامەزراندن لە بەریتانیا ،باس لەوە دەکات کە ئەوان خوازیاری باشکردنی جۆر و ئاستی خوێندن بوون لە وڵاتەکەیاندا و بە داڕشتنی چوار پرسیار و وەدەست خستنی وڵامەکانیان توانیان شۆڕشێک لەبواری فێرکردن بەرپا بکەن. ئەو دەڵێت ئێمە لەخۆمان پرسی

*** خەڵک دەیەوێ چ فێر بێت؟ * ئایا مامۆستاکانمان بۆ کرداری فێرکردن، وەکو پێویست ئامادە کراون؟**
*** ئایا ئێمە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجانەی هەوڵی بۆ دەدەین، سوودمان لە وزە و تواناکان وەرگرتووە؟**
*** لەو کارانەی ئەنجامی دەدەین، چەندە سەرکەوتوبین؟**

پێتەر دریژە بە قسەکانی دەدا و باس لە وڵامی پرسیارەکان دەکات ،دەڵێت: (وڵامی پرسیاری یەکەم بریتی بوو لە داڕشتنی پرۆگرامێکی نیشتمانی خوێندن لە مێژووی بەریتانیا ، بۆ وڵامی پرسیاری دووەم ئاژانسێکی نیشتمانیمان بۆ ڕاهێنان و مەشقپێکردن و ئامادەکردنی مامۆستایان لە زانکۆ و کۆلیژەکان دامەزراند و بەپێی جۆری پرۆگرامەکانی خوێندن پشتگیری تەواومان بۆ فەراهەم کرد).

قسەی سەرنجڕاکێش و گرینگ ئا ئەوەیە ،ئەوەی لێردا مەبەستمانە ئەو دەستەواژەیەیە کە پێتەر سەبارەت بە مژاری بابەتەکەمان دەیلێت. هاوشان لەگەڵ هەموو ئەو بایەخدان و دابینکردنی پێداویستی و پشتگیرییەی ئەوان بۆ پێشخستنی پرۆسەی پەروەردەیی لە بەریتانیا ئەنجامیان داوە، کەچی پێتەر ڕاستییەک دەخاتە ڕوو ،کە دەڵێت: (ئێمە چاکسازیمان لە فێرکردندا کرد ،بەڵام بە ریزبەندییەکی ئاوەژوو. لە پرۆگرامی خوێندنەوە دەستمان پێکرد ئەوجا دواتر مامۆستا... پێویست بوو لە مامۆستاوە دەستمانپێکردایە دواتر بهاتبایەنە سەر چاککردنی پرۆگرامی خوێندن). کاتێک گۆشەنیگا و تێڕوانینی وڵاتێکی پێشکەوتووی وەکو بەریتانیا لەبارەی گرینگی ئامادەکردن و دەستەبەرکردنی مامۆستا وەها بێت، بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ڕژدە لەوەی هەنگاوەکانی لەتێکڕای کایەکانی سیستەمی حکومڕانیدا خێراتر و گورجوگۆڵتر بکا ، کار بۆ پتەوکردنی پایەکانی سیستەمی پەروەردەیی بکا لەنێویشیاندا دروستکردن و ئامادەکردنی مامۆستا کە بە هەڵسوڕێنەر و پێشخەری بزاڤی پەروەردە و فێرکردن هەژمار دەکرێ .

ئەگەر لە سیستەمی پەروەردەیی وڵاتانی سەرمەشق لە بواری پەروەردەیی بڕوانین و لەنێویشیاندا وڵاتێکی وەکو یابان، دەبینین کە مامۆستا بە ڕەگەزی هەرە گرینگ لە کرداری فێرکردن سەیر دەکرێ. ئەوان خۆیان ئەوە بەئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن کە ڕۆژانە بە باشترکردنی

یەکێتی نووسەرانی کورد بەرەو کوێ؟



زاهیر سەوز

ئاخاوتن، تۆژینەوە، شیکردنەوە، دەربارەی هەر بابەتێک، لە لایەن ڕەخنەساز، یان ڕەخنەباز، لەسەر بنەمای (لەگەڵ) یان (دژ)، بەهای ژیربێژی و پێبەستی ڕاستگۆیی و ڕادەی مەعریفی و پێوانەی جوانیەکەیەتی لە دەست ئەدا و کەلێن و دەلاقە لە نووسینەکەدا دەخولقێ و، ناچێتە خانەی زەینڕووننی و ستراکچەری ڕەخنەسازی و تۆژینەوەی سەنگین و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی.



لەهەمان کاتدا ئەو نووسینە دەبێتە هەوێنی زادەی هەناوی وشە ڕیزکردنی سەرپێی و لە قاڵبی تۆڵەسەندنەوە و بەرهەڵستی کۆیرانە، لە وەڵی نیعمەت.. یان لە بازنەی (پاترۆتیزم) = دیاری و پارە لەگەڵ بوونە دەسکەلا، سەودا و مامەڵەی پێوە دەکرێت و، سەرەتایە بۆ بە یەکادانی دژەکان، تاوەکو دەگەیەنرێتە بەرەنگاربوونەوە و گلەیی و گازندە و دەمەبۆڵە و، شەڕی دوو هاوڕێ یان دوو دۆست و واوەتریش لە شەڕ تێدەپەڕێت.

گۆتەرە گوتن و پەلامارەدان و گازندەیی و سەرپێی لە نووسیندا. نە ژیارییە و نە کەسی ژیریش خۆی لە قەرەی ئەدا.

ئەم سەرپێیە زیاتر لە نووسینی کەسانی ئەقڵییەت خێڵەکی و، قوتابیانی قوتابخانە بەدناوەکەی (گۆبڵز)، لەسەر ڕووی سایتە ئەلیکترونییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارە کەم فرۆختەکان دەردەکەون، بەدزمانەکانیش لە پەراوێزەوە ئاگرەکە خۆش دەکەن و، پاڵفتەی ئەکادیمیای قسەهێنان و قسەبردن بە زیاد و زیاترەوە، ئەم جۆرە قەڵەمانە لەناو نووسەراندا ڕۆڵی ناشیرین دەبینن و بوونەتە مایەی فیتنەو ئاشوب نانەوە. ئامانج لەم کرداڕە، هێورکردنەوەی باری دەروونی نائارامیان و، گەیشتن بەو ئامانجەی کاری بۆ دەکەن و، لە پشت پەردەوە دەستخۆشییان لێ دەکرێت و، خاوەن کەسایەتی خۆیان نین و گونجاوتر (ڕێون کۆنترۆڵن).

لە هەمان کاتان سەرپێی ئەم هەڵئەنێن و ئەو لە ناخی زەوی ڕۆئەنێن، لە ڕووی ئایدیاوە، هەڵپەرست، لە بواری تانەو تەشەرە پڕۆفیسۆر، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لاواز، سەردەمانێک لە بەرەی چەپ و ناسیۆنالیستی کوردیدا بە ڕۆشنبیر ناسراو بووە، بەڵام ئێستا بە هۆی ئەو هەڵوێستانەی لە ڕابردوودا نواندوویانە، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە دەسەڵاتدارانی هەرێم گرتوویانە، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە گەندەڵی و بێکاری و نەبوونی ئازادی ڕادەبڕن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستنی کورد و ئەنجامدانی جینۆسایدی کورد دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەمریکا و ئیسرائیل دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئیسلامیزم و ئیسلامیستەکان دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئۆپۆزسیۆن و ئۆپۆزسیۆنیستەکان دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەحزابی چەپ دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەحزابی ئیسلامی دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەحزابی لیبڕاڵ دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەحزابی سۆسیالیست دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەحزابی کۆمۆنیست دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەحزابی سەوزەکان دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەحزابی ئیکۆلۆژی دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەحزابی فیمینیست دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەحزابی ئەتنیکی دەیگرن، بە هۆی ئەو ڕەخنانەی لە ئەحزابی ئایینی

ڤون بوون
پسوولەی شارەوانی (٦) هەولێر ژمارەی پسوولە (٩٨٥٣٤٢) بەرووار ٢٠١٨/١٠/١٧ بەبڕی ٢٥٠,٠٠٠ بەناوی شیرین مشیر عبداللە وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ڤون بوون
پسوولەی شارەوانی (١) هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٩٩٤١٩٥) بەرواری ٢٠١٨/١٠/٢٥ بڕی ٣٠٠٠٠٠ بەناوی فائیزە عبدالکریم حسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ڤون بوون
پسوولەی شارەوانی (٥) هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٤١٩٤٩٧) بەرواری ٢٠١٩/٧/٢١ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی ریفین ابراهیم عجیم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
مدیریة تنفیذ ئاکری
العدد /١٩٩٨/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ١٩٩٨/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بيع المنقول السيارة ادميرال بيك اب دبل قمارة موديل / ٢٠٠٩ الرقم /٢٦٥٥/ دهوك حمل اللون / ابيض القيمة المقدرة (٦٨٥٠٠٠٠) ستة ملايين وثمانمائة وخمسون الف دينار عراقي المنفذ العدل / ناطق نافع صديق
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٢٧٥/ ب٤/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (علی سلیم عبدالمجید)
داواکار (احمد علی عزیز/ المدیر المفوض لشرکه ریکان) داوای ژمارە ١٢٧٥/ ب٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردن بەدانی قەرزی (٥٠٠٠٠٠٠) دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ شاری هەرشەم ٢) لە ٢٠١٩/١١/٣ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٢/٣) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١١/١١
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای Grand steel ب.ب.ك احمد عبدالرزاق گابی) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگێڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پ.باکور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قەرنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- سێ دانە جی ئارسی/ بەخ کردن بێ ژمارەن دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠*K.W٣ خلات *٣.
٢- دوو دانە دروستکردن و بەخ کردنی مەرمەڕ صناعی بێ ژمارەن دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٥*K.W٣ تەواو ٣ پارچەیی.
٣- کۆمپرێسەری هەوایی ٣ پارچەیی ژمارە/ ٤٨١٨MA١٩٨٧٨ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.W٣٧.
٤- دوو لەحیم کردنی ئاسن نارگون ژمارە/ J١٩٠١٣٩٣٠٠٤٢ دروستکراوی C.e مۆدێل ٢٠١٨ توانای A٨٠ / J١٩٠١٣٩٣٠٠٤١.
٥- C.N.C/ نەقش و کون کردنی دار ژمارە/ ١٣١٧٢ دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٣.
٦- فلتەری تۆز راکێشان ژمارە/ FNAE٤٧١٦٧٠٠٩١٨ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.W٧,٥.
٧- مشاری سنی سلایت بڕینی تەبەقەی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٨- مۆلیدەی کارەبایی کاتم ژمارە/ ٦٧١٠٥٥٢ سکانیا دروستکراوی سویدی جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٣٠٠ کاتم.
٩- دوو خەڵاتی جێل کۆد تێکەڵکردنی موادی مڕمڕ صناعی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ توانای K.W٢*٥.
١٠- دووداندە سی ئۆ تۆو لحیم کردن بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*٥٠ ئە مپێر.

دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
***
دادگای کەتن لە کۆیە
ژمارە: ٣٧٤/ج غم/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ أسامه محمد احمد
دادگای لێکۆلینەوەی کۆیە بە بڕیاری ژمارە (٤٩٢/ه/٢٠١٩) لە ٢٠١٩/١٠/٩ هەواڵەی ئەم دادگایەکراوە بۆ دادگایی کردنت بەناهاتووی بەگوێرەی بەشی (٢٣ ف١) لەیاسای هاتوچۆی عیراقی بە ژمارە (٨٦) سالّی ٢٠٠٤ لەسەر سکالای (نوێنەری یاسایی کۆمپانیای نیڤا) لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت ئەم دادگایە بڕیاریدا ئاگادارت بکاتەوە لە ریگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە کە لەرێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٨) کاتژمێر (٩) سەر لەبەیانی لەم دادگایە ئامادەبن بەپێچەوانەوە بەپاشملە بەگوێرەی یاسا دادگایی دەکرێن وە ئەگەر ڕۆژی دادگایەکەبوو بەپشوو فەرمی ئەوا ڕۆژی دواتر دەبێتە وادەی دادگایی کردنەکە، پێویستە ئەو کات ئامادەبن.
دادوەر/ جاسم حمد رضا
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٢٤٥٢/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (المدير المفوض لشركة رەنج إضافه لوظيفتة)
داواکار(سمیر حسن عبود) داوای ژمارە (٢٤٥٢/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکرنت بە گەڕاندنەوەی بڕی (٥٠,٠٠٠) دولار ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/گوندی ئینگلیزی) لە ٢٠١٩/١٠/٢٧ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لە بەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/٢ کاتژمێر (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/محمد بهاءالدین عبدالله
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٨٩٣/ش/٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩/٩/١٣
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : دشتان میرزا شهباز
ل دیف داخوازا داواکار(بهار سلمان یوسف) وکێشا ژمارە (٨٩٣/ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژیکڤەبون (التفریق) ، و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (سیالکا) یا ژمارە (٣٨٤٦) ل (٢٠١٩/١١/٧) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخێ (سیالکا) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە پێتە کرن ب رێکا دوو ڕوژنامیت ڕوژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (١١/٢٤/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگای باری کەسێتی لە کەلار
ژمارە: ٥٥٦/ش/٢٠١٩
ئاگاداری
بۆ داوالەسەرکراو/ پەیان خلیل کریم
داواکار (اسو محمد احمد) داوای ژمارە (٥٥٦/ ش/ ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە تیایدا داوای (اسقاط حضانه) ی کردووە وە بڕیار دەڕچوە پاشملە دەرهەق بە تۆ بە هەڵوەشاندنەوەی دایەنی (اسقاط حضانه) لەگەڵ داواکار لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی اشعاری ئەنجومەنی (گەڕەکی کەلار/ شەهیدان) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە بڕیاری دادگا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی بە مەبەستی ئاگادارابوونت بەو بڕیارە پاشملە بۆیە مافی تانەگرتن (اعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایيدا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتای وەردەگرێت.
دادوەر/ پروین علی احمد
***
ئاگاداری
پەیانگای تەکنیکی کەلار ئاگاداری گشت لایەك دەکاتەوە کە هەڵدەسێت بە بکرێدانی کۆشکی فۆتۆکۆپی پەیانگا بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا ،هەرکەس و لایەنێك ئارەزوی بەشداری کردنی هەیە لەوبوارەداکاردەکات باسەردانی هۆبەی دارایی پەیانگاکەمان بکات.لەبینای ڕاگرایەتی نوێی پەیانگا بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاریەکان.
ڕێنمایەکان:
١- لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگاداریەوە سەردانی هۆبەی کارگێری پەیانگا بکات لەبینای ڕاگرایەتی نوێی پەیانگا ڕۆژانە کاتژمێر (٩:٠٠- ١٢،٠٠)
٢- هێنانی بارمتە بە بڕی ٢٠٪ لەسەدا بیستی پارەی خەملێنراو بەچاپی عێراقی پێش دەستپێکردنی زیادکردنەکە
٣- ناسنامەی باری شارستانی یاخودبەڵگەنامەیەکی فەرمی لەگەڵ خۆی بهێنێ
٤- کرێی بڵاوکردنەوە ی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەس ولایەنەی زیادکردنەکەی بۆدەردەچێت.
٥- زیادکردنەکە ڕۆژی سێ شەمە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٧) کاتژمێر (١٠:٣٠) ی سەرلەبەیانی لەهۆڵی سیمیناری پەیانگا ئەنجام دەدرێ .
تێبینی : ئەگەر ڕۆژی دیاری کراو پشوو بووزیادکردنەکە دەکەوێتە ڕۆژی دواتر نانوشانی پەیانگا
کەلار- گەڕەکی فەرمانبەران
١٣ / ١١ / ٢٠١٩
***

(٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١١/١١
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای Grand steel ب.ب.ك احمد عبدالرزاق گابی) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگێڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پ.باکور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قەرنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- سێ دانە جی ئارسی/ بەخ کردن بێ ژمارەن دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠*K.W٣
٢- دوو دانە دروستکردن و بەخ کردنی مەرمەڕ صناعی بێ ژمارەن دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٥*K.W٣ تەواو ٣ پارچەیی.
٣- کۆمپرێسەری هەوایی ٣ پارچەیی ژمارە/ ٤٨١٨MA١٩٨٧٨ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.W٣٧.
٤- دوو لەحیم کردنی ئاسن نارگون ژمارە/ J١٩٠١٣٩٣٠٠٤٢ دروستکراوی C.e مۆدێل ٢٠١٨ توانای A٨٠ / J١٩٠١٣٩٣٠٠٤١.
٥- C.N.C/ نەقش و کون کردنی دار ژمارە/ ١٣١٧٢ دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٣.
٦- فلتەری تۆز راکێشان ژمارە/ FNAE٤٧١٦٧٠٠٩١٨ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.W٧,٥.
٧- مشاری سنی سلایت بڕینی تەبەقەی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٨- مۆلیدەی کارەبایی کاتم ژمارە/ ٦٧١٠٥٥٢ سکانیا دروستکراوی سویدی جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٣٠٠ کاتم.
٩- دوو خەڵاتی جێل کۆد تێکەڵکردنی موادی مڕمڕ صناعی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ توانای K.W٢*٥.
١٠- دووداندە سی ئۆ تۆو لحیم کردن بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*٥٠ ئە مپێر .

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٣٥٧٤/ش/٢٠١٩/٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٣
جاردان
بۆ داوالێکراو (دلشاد عمر رحمن)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئامانژە بەداواى ژمارە (٣٥٧٤/ش/٢٠١٩/٣) تایبەت بەداواکار (تازیا اومر موسی) و داوالێکراو (دلشاد عمر رحمن) دادگا بریاریدا لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٩ بە (پێدانی بژێوی ژیاردوو) بۆ داواکار و منداڵەکانی بەناوی (ئاریاز و ئاریان) بەبڕی (١٠٠,٠٠٠) سەت هەزار بۆ هەر یەکیان لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/ بەختیاری) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە و، تۆ مافی ناڕەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانەوە، بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: ٩١٨
ژمارە: ١١٣(١٩/٢٠١٦)
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
پێراگەیاندن
بۆ/ ج.اول (ولید محی الدین عبدالغفور)
پێت رادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم فەرمانەوە دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٩/٢٤) کە بەپێی مادەی (١/٣٣) لەیاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی سالّی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری پێشمە ر گە .
شوێنی دانیشتووی / ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامة)
دادوەر/ کوردەوان نەقشبەندی
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارەی داوا: ٩١٤/ش/٢٠١٨
جاردان
بۆ داوالێکراو (پێرس شیرزاد محمد)
شوێنی دانیشتن نادیارە
ئەم دادگایە بریاری دا لە ڕۆژی (٢٠١٩/١١/٤) لە داوای ژمارە ٩١٤/ش/٢٠١٨ بە (جیابوونەوەت لەگەڵ داواکار لاڤە عزیز محمد وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتن نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری سنوری (گەڕەکی فەرمانبەران بڕیە دادگا بریاریدا کە پێت رابگەیەنرێت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی وە تۆش مافی پێداچوونەوە و نارەزاییت هەیە لەماوەی یاسایی دا وە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کوردەوان نەقشبەندی
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: ٩١٦
ژمارە: ١١٤(٢٠١٩/٢٤)
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
پێراگەیاندن
بۆ/ ن.ض.د.٣ (وەیسە کاکەخان دارا)
پێت رادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم فەرمانەوە دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٩/٢٤) کە بەپێی مادەی (١/٣٣) لەیاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی سالّی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری پێشمە ر گە .
شوێنی دانیشتووی / ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامة)
دادوەر/ کوردەوان نەقشبەندی
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك
***
وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: ٩١٤
ژمارە: ١١٧(٢٠١٩/٢٥)
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
پێراگەیاندن
بۆ/ پ.م (سیروان عبدالغفور عبدالرحیم)
پێت رادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (کۆرۆژ) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی و کارەبا و میکانیکی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (بێسان) بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی/سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (بێسان) بۆ کۆمپانیای (باغی بێسان)، بۆیە هەر کەسێك ناڕەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (SPECTRUM COLORS سپیکتروم کەڵەرس بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (DELIGHT دیلایت) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
د. پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ٣٠٧/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت ٢٠١٩/١١/١٢
ئاگانامە
بۆ/ داواڵێکراو (ڤلادا ئەڵێکساندرۆڤنا) دانیشتوی شاری کۆیە- گەڕەکی زانکۆ بەڵام نیستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە هاوسەرەکەت(ڕابەر مجید محمد)داوای لەسەر تۆمار کردووی لەم دادگایە بەژمارە (٣٠٧/ش/٢٠١٩) تیایدا داوای کردووە ئەم تەڵاقەی بۆ پەسەند بکەین کە لەدەرەوەی دادگا دەرحەق بە تۆ لەڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢) خستوبەتیەوە وەبەگوێرەی ڕوونکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لەم دادگایەو زانیاری تەنجومەنی شارەوانی کۆیە، دەرکەوت شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا پشت بەستن بەمادەی(١/٢١) لەیاسای دادبینی کردن ژمارە(٨٣)ی ساڵی (١٩٦٩)ی ڕاستکراوە ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوون لە ڕۆژی دادبینی کردن ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٢) بە پێچەوانەوە دادگا داوایەکە بە پاشملە ساغ دەکاتەوە بە گوێرەی یاسا.
دادەر/ شوان صابر اسعد
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەسێت بە بەکڕیدانی ڕوبەری (کابینە) لەسەر پارچەزەوی ژمارە (٢١) کەرتی (١٦ پەرۆژخان) بەبەستی دروستکردنی (چێشتخانە) بەزیاد کردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو ی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦, جا هەرکەسێک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیاد کردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەری میری گەرمیان بدات لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا کەدەست پێدەکات لەدوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە ،سەعات (١٠) ی سەرلە بەیانی بەمەرجێک بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەکی پێبێت.
تێبینی //کڕێی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت.
مکرم فتاح محمد
بەڕێوەبەری خانوبەری میری گەرمیان
٢٠١٩ / ١١ / ١٢
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٢٣٥٩
ریکەوت : ٢٠١٩ /١١ /١٣
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (حسن اسعد محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٤٤٧٤) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەک گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە بۆ پەسەند بکەین کە لەدەرەوەی دادگا دەرحەق بە تۆ لەڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢) خستوبەتیەوە وەبەگوێرەی ڕوونکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لەم دادگایەو زانیاری تەنجومەنی شارەوانی کۆیە، دەرکەوت شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا پشت بەستن بەمادەی(١/٢١) لەیاسای دادبینی کردن ژمارە(٨٣)ی ساڵی (١٩٦٩)ی ڕاستکراوە ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوون لە ڕۆژی دادبینی کردن ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٢) بە پێچەوانەوە دادگا داوایەکە بە پاشملە ساغ دەکاتەوە بە گوێرەی یاسا.
دادەر/ شوان صابر اسعد
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەسێت بە بەکڕیدانی ڕوبەری (کابینە) لەسەر پارچەزەوی ژمارە (٢١) کەرتی (١٦ پەرۆژخان) بەبەستی دروستکردنی (چێشتخانە) بەزیاد کردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو ی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦, جا هەرکەسێک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیاد کردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەری میری گەرمیان بدات لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا کەدەست پێدەکات لەدوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە ،سەعات (١٠) ی سەرلە بەیانی بەمەرجێک بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەکی پێبێت.
تێبینی //کڕێی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت.
مکرم فتاح محمد
بەڕێوەبەری خانوبەری میری گەرمیان
٢٠١٩ / ١١ / ١٢
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٢٣٥٩
ریکەوت : ٢٠١٩ /١١ /١٣
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە

ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پکشیت قەرزدار (١- مظفر یوسف یعقوب ٢- حیاة خضر امین ٣- سوزان فلیبس کورکیس) ژ مولکێ ژمارە (٦٧٧٨/١) کەرتێ ٤ منصوریە) بو جارا ئیکی ئەفجا هەرکەسێ بڤیت بکریت دڤیت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیھ ڕۆژاندا کو دەستپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ و دڤیت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خوبینیت کو دبنە ١٠٪ ژ بهایێ هاتیە دگەل ناسناما عیراقی و بوزانین ڕەسمێ لێسەندنی و دەلایێ لسەر بکری نە.
ڕوونکرن:
١- ژمارە و جھ (٦٧٧٨/١ کەرتێ ٤ منصوریە)
٢- ڕەگەز و جۆر: پارچەکا ئەردیە ڤالایە ژ ئافاهی
٣- ڕووبەر: ٢٥٠م٢
٤- بهایێ هاتیە دانان: ١٦,٢٢٥,٠٠٠ شازدە ملیون و دوو سەد و بیست و پێنج هزار دینار.
جێبەجێ کاری داد/ ریبر سلمان خالد
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:٩٦٩/ج/٢٠١٩/٣
ڕێکەفتی:٢٠١٩/١١/٣
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (ابراهیم عبدالله محمد)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٩٦٩/ ج/٢٠١٩/٣) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن نوروز ل سەر مادەێ (٤٥٦) یاسا سزای ژبەر نەیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان هن بهێنینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلافکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١٢/١٢ بەرۆڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێقەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادەر/ انس فریق مسکین
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:١٢٩/ج/٢٠١٩/٣
ڕێکەفتی:٢٠١٩/١٠/٦
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکرێ پاشملە (طیفون جلال طاهر)
ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٣) سێ سالا سەر مادەی (٤٥٣/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٢٩/ج/٢٠١٩/٣) ئەوا هاتیە تومارکرن لە ڕێقەبەریا ئاسایشا پارێزگەها دهوکێ ٢٠١٦/١٦٠ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلافکرنێ دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بڕیارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ مێژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەرۆڤاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ئامادەبوونێ گریت.
دادەر/ انس فریق مسکین
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:٢٠٥٣/ج/٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی:٢٠١٩/١٠/٢٧
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (١- احمد عباس عطیة ٢- ولید کریم احمد)
ئاگەهدارکرن
هین د بەرتاوانکری د کێشا ژمارە (٢٠٥٣/ ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن مالتا ل سەر مادەێ (٢/یاسا ژمارە ٦ سالا ٢٠٠٨) ژبەر نەیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا هەوە بڕیار هاتە دان کو هین بهێینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلافکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١٢/١٢ بەرۆڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێقەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:٢٠٣٩/ج/٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی:٢٠١٩/١٠/٢٧
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (رشید عثمان خطاب)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٢٠٣٩/ ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن نوروز ل سەر مادەێ (٤٥٣) یاسا سزای ژبەر نەیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلافکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١٢/١٢ بەرۆڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێقەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:٢٠٣٠/ج/٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی:٢٠١٩/١٠/٢٧
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (عمران احمد ذیاب)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٢٠٣٠/ ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن نوروز ل سەر مادەێ (٤٥٦) یاسا سزای ژبەر نەیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلافکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١٢/١٢ بەرۆڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێقەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٦٩/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/١١/١٣/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داواڵێکراو (هژار نوری اسلام) جهێ ئاکینجی بوونی نەیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب ژێلك جوودابوون(التفریق) ژ تە ئەوا ڕویدای ناڤبەرا تەو وداواکار (ترکز محمد سلیم عبدالله) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیارە لدویڤ ئاگەهداریا هەلبژیر وەدستەکا پاریزگەها دهوکی تاخی سی کرکا ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە ڕوژا ژبەلافکرنا ڕوژنامێ بەرۆڤاژی بریار دێ دوماهیک ئیت دەرهەقی تەدا ل دیڤ یاسایی
دادەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠٣٧ / ٢٠١٨
ڕێکەوت/١١/١٤/٢٠١٩
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فرونتنا پشکا قەردار (محمد طاهر ظاهر زبیر) بتنێ ژ مولکێ ژمارە (٣٧/١) کەرتێ (١٣/تلکبر) کو دکەڤیتە (زاخو) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (خضر کری حاجی) بکۆژمێ (١٨٠٠٠٠٠٠) هەژدە ملیون دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کۆژمێ خەملاندی یێ قەرداری بتنێ کو دبیتە (٢٠٠٠٠٠٠٠)بیست ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ وەدالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە زاخو (٣٧/١) کەرتێ(١٣/تلکبر) جور پێك هاتیە ژ زەڤیا بەتال سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ زەڤیا بەتال هاتیە افرازکرن برەنگەکێ نە ڕەسمی روبەر پشکا قەرداری بتنێ (١٢٥) م٢ کۆژمێ خەملاندی یێ پشکا قەرداری بتنێ (٢٠٠٠٠٠٠٠)بیست ملیون دینار
هاریڤان ایوب عبدالله / جێ بەجێ کاری داد
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٥٥/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت/١١/١٣/٢٠١٩
ئاکەهداری
لدویف فەرمانا دەرچووی ل ڤێ دادگەهێ ب ژمارە ٢٥٥/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٩/٩/٢٩ یا پێك هاتی ب نەهێشتنی کوبەشی (ازالە شیوع) زەڤیا ژمارە(٢٨٧٨/١ کەرتێ ١١ سمیل) ئەوا سالوخەتێن وێ ل خوارێ دیارکری بو سەر زێدەکرنا ناشکەرا بو ماوێ (٣٠/ سیە) ڕوژا پشتی بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ وهەر کەسێ بڤێت بەشداریێ بکەت بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمێر (١٢) دوازدێ نیڤرو ژ تمام کرنا (٣٠/سیە) ڕوژا پشتی ڕوژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ

دگەل ئینانا دابینکرنێن یاسایی ب کۆژمێ ١٠٪ ژ نرخێ گشتی یێ زەڤیێ ب کۆژمێ(٨٧٠٠٠٠٠٠) هەشتێ وحەفت ملیون دینار ئەگەر شریك نەبن دوماهی هاتنا ماوێ دیارکری ل سەر زێدەکرن دهێتە ڕەوانەکرن ب ئێکجاری ل دویف ڕێنمایا بو زانین کرڤێن کاتی وەدلالی دکەڤنە سەر بکری سەرێك زێدەکرنێ ئەگەر بکەڤیتە روژەکا بهێن ڤەدانا فەرمی روژا دویڤ دا دبیتە روژا ژڤانی
سالوخەتێن زەڤیی : ڕووبەرێ ئەردی (٣٠٠ م٢) جورێ زەڤیێ خانی ب شێوەی (جنوب شرق)بو زانین هەڤپشك (نوزاد علی حامد) نوکە دخانی ڤەیە ووی دڤێت دخانی ڤە بیت پشتی فروتنێ
دادەر/ ابراهیم خشمان گرگری
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٦٧٣/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٣٠
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو/ رافد غضبان نمر غضبان لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٢٨١ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ئاسایشی سلیمانی) وە لەبەر ئەوەی جیگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٠٦/ت/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: زهراء هیاس حمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٣١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٧ ژمارە ٨ی سالی ٢٠١١) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (ماجد ملو) بۆ (بازرگانی گشتی - هێنان وبردن / تاك) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / سامی موسی عبدالله
ناڤ ونیشان / زاخو - مجمع التجاری
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥١٤٦٠٦٥٠٩

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠١٥٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کۆرۆژ) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی و کارەبا و میکانیکی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کۆرۆژ) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی و کارەبا و میکانیکی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (میران شیرزاد قادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٠٩٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (SPECTRUM COLORS سپیکتروم کەڵەرس بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (SPECTRUM COLORS) بۆ سپیکتروم کەڵەرس بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (احمد حمید سلطان) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٣٧٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (DELIGHT دیلایت)
بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (DELIGHT دیلایت) بۆ فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (شڤان صابر عزیز) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین

ژمارە / ٩٠٤٣
ڕێکەوت / ٢٠١٥/١٢/١٦
بریاری سرینەوەی ناوی کۆمپانیا
دوا بە دوای بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا ژمارە (٨٣٥١) لە ٢٠١٥/١١/٢٣ کە تایبەتە بە کۆمپانیای (خالص حسن حاجی) بۆ (بازرگانی گشتی وهینان وبردن / تاك) ودوای تەواو کردنی گشت کارە یاساییە کان
من بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ئاماژە پێدراوی سەرەوە لە تۆمارەکان وبلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە وبلاوکراوە بە پێ ی ماددەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
ئەم بریارە نوسرا لە بەرواری ٢٠١٥/١٢/١٦
مافپەروەر / دڵزار اسماعیل احمد
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٢٩١/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: شیرین حسین سلمان
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٣١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٣٧٧) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٩٦/ت/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: ڕێدوان حمید احمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠١٩/١٢/٣١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٧ ژمارە ٨ی سالی ٢٠١١) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ١٢٩٣/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: زانا برهان عبدالقادر
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠١٩/١٢/٣١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٢٣٨) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٩٨١/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٠
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو: هەرێم
رمضان حمد و ئەڤین مجید رحمن
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠١٩/١٢/٣١ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێی ماددەی یاسایی (٣٧٧) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١٣٤/ج/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ قهرمان جمیل کاکۆ
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ١٣٤/ج/٢٠١٧ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٩ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش ساڵ بەپێی ماددەی ٢١ لەیاسای چەك بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای کەتن لە هەڵەبجە
ژمارە: ٣٥٦/ج/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٨
بۆ/ تۆمەتباریی هەڵەاتوو
(یحیی صباح کاکه حمه)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی (جەماوەری هەلەبجە) بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١٠ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە گوێرەی بەشی ٢٣ لەیاسای هاتووچۆ وە بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادەنەبیت دادگایی دەکرێیت بەپاشملەیی و خۆت بەرپرسیار دەبێت، پاڵپشت بەئەحکامی ماددەی ١٤٣/ج لەیاسایی بنچینە دادگاییە سزاییەکان.
دادوەر/ محمد شفیق حمه
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٥٣٨/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٧
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: بڕیار فریق احمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای (چەك ژمارە ١٦ لە ساڵی ١٩٩٦) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (تەکیە/ چەمچەماڵ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە ٢٠٢٠/٢/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٩٢٢/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢١
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: میران سیروان اسماعیل
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٦/٤٤٤) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٧١٤/ت/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: رمضان محمود معروف
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٠٦) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەنگاو) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٩٢٢/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢١
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: میران سیروان اسماعیل
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٦/٤٤٤) لەیاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
***

Crescent Petroleum

Job Vacancy

Position Title	**Maintenance Superintendent**
Direct Supervisor	Plant Manager
Department	Maintenance
Job Location	Khormor – Kurdistan region of Iraq
Job Reference: MS/M/Nov/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Manages and organizes all the resources of the maintenance department and ensures that all maintenance jobs are completed efficiently and cost effectively. Technical responsibility for all plant, equipment and machineries. Provides support to KM250 and all other plant development projects and ensures equipment design is in line with current and required maintenance needs. Support SAP implementation project and ensures all ongoing routines and major services and their data transferred and managed smoothly during and after migration to SAP. Improves competency of maintenance team. Reports to the Plant Manager.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS
Facility Management & Policy Compliance
1. Ensures accurate development, implementation and administration of the Computerized Maintenance Management through SAP system.
2. Ensures that sub- contractors are managed safely and effectively.
3. Responsible for providing input into design stage of KM 250 / 500 projects and ensuring equipment design is in line with current and required maintenance needs. Support all construction, pre-commissioning and commissioning of new facilities.
4. Liaises and co-operates with other heads of departments, ensuring awareness of schedule & ongoing maintenance activities.
5. Review and validate all maintenance manuals and procedures and provide the required support for document mapping and control project.
6. Ensures that all maintenance personnel, service contractors and personnel involved in operations under the control of the Maintenance Department.
7. Participates in the effective monitoring, audit and review of management systems and procedures, and to Contributes to their further development and continuous improvement.
8. Ensures the Permit to Work (PTW) system is adhered to and that all isolations are in compliance with the Isolation Philosophy.
9. Promotes effective communications through regular awareness and safety meetings.
10. As an SAP system main user Manages through detail planning, preparation and reporting, the execution of both PPM and Corrective Maintenance works in a safe, efficient and cost-effective manner.
11. Manage and control the application of diagnostic fault-finding skills on key equipment and systems and identify the training for personnel as required.
12. Maintains facilities equipment and associated documentation in accordance with prescribed PPM schedules.

Crescent Petroleum

13. Participates fully where required, in the investigation and reporting of accidents and incidents.
14. Provides technical support for the performance of all aspects of rotating equipment operation, care and maintenance.
15. Performs root cause failure analysis where required.
16. Manage maintenance budget and provide budget forecasting requirement for upcoming years.
17. Improve the competency of LN staff and carry performance evaluation for maintenance personnel.

Health, Safety and the Environment
- Ensures the strict adherence to Safety, Health and Environmental policies across the business.
- Assists in the planning, coordination and execution of shutdown programs and the implementation of safety procedures and practices.

Functional Leadership Management
- Ensures the effective achievement of maintenance department functional objectives through the leadership and supervision of staff – setting individual objectives, managing performance, developing and motivating staff, provision of formal and informal feedback and appraisal – in order to maximize subordinates and departmental performance.
- Builds a strong team in order to ensure versatility and adequate succession cover. Ensure the maintenance team has appropriate skills and resources including personnel, process and tools to meet the business objectives.
- Manages all staff under authority professionally, fairly and reasonably in line with Company HR policies and protocol towards agreed objectives.

Reporting and Communication
- Reports to the Plant Manager on all issues relating to the management and processes of the maintenance department.
- Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position
- Conducts a continuing study of operational policies, procedures and systems to keep senior management updated of contemporary practices.
- Identifies areas for improving facilities on a continuous basis in order to increase the equipment availability and productivity.

Decision–making Authority

In consultation with Plant Manager

Working and Other Reporting Relationships

Plant Manager	Daily
Discipline Supervisors	Daily/ Frequently

Supervisory Responsibility

Discipline Maintenance Supervisors, Planners, and Reliability Technicians

Crescent Petroleum

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Degree or Higher National Diploma Discipline in Mechanical/ Electrical, or Instrument.

Minimum Professional Experience Required

Minimum of 15 years' experience in Oil and Gas, to include day to day management of equipment maintenance, condition monitoring and control system interfaces in a field position as maintenance superintendent or Supervisor. Experience with SAP Maintenance Management.

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Excellent organizational and planning skills • Excellent leadership and mentoring skills • Excellent communication skills in English (spoken & written) • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Ability to meet deadlines • Ability to work under stress • Ability to mentor local nationals • Emergency awareness • Excellent computer skills (MS Office Suite) • Fully conversant with SAP Maintenance Management system.	• Ability to take swift and sound decisions in case of emergencies in order to assure that the safety of personnel is not jeopardized • Trouble shooting and problem-solving skills required • Honesty and confidentiality • Multi-tasking skills • Decision making	• Sound technical knowledge of the facilities, systems, equipment and processes • Relevant on-/offshore experience of hydrocarbon processing (LPG/NGL processes) and utilities equipment • Fully conversant with generator sets, gas engines compressor packages, pump packages, instrumentation and electrical systems. • Conversant with budgeting processes for field maintenance management • Health safety and environment standards enforcement

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than 26 November 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR
e-Mail it to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Maintenance Superintendent, Ref: MS/M/Nov/19)

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/11/17 ژمارە (5872)
خەبات

پەیامێک لە هاووڵاتیانی (رایخ)ەوە...

ئێستا کاتی تیرۆرکردنە!



ئا: هەندرین شێرزاد

یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی ئەمڕۆی جیهان بە گشتی و وڵاتانی ئەورووپا بە تایبەتی زیادبوونی ژمارەی پارت و لایەن و گرووپە توندڕەوەکانە یان ئەوانەی بە نازیە تازەکان ناودەبرێن .لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا ئەوان ئەمڕۆ جارێکی دیکە ، بە شێوازی کۆن و تازە هاتوونەتەوە گۆڕەپان و بەرامبەر بە وڵاتێک کە شانازی بە شێوازی مامەڵەکردنی گونجاو لەگەڵ رابردووی تاڵی خۆی دەکات، هەڵگری پەیامێکی ترسناکن . ئێستا لە رێگەی فەزای ئەلیکترۆنیەوە ئەوان سەرقاڵی فراوانترکردنی مەیدانی یاریکردن و ژمارەی لایەنگرانیانن، لەوە زیاتر باس لەوە دەکەن کە کاتی تیرۆرکردنی بەرپرس و سیاسەتمەداران هاتووە.

لوبکە، قوربانیی یەکەم

ڕۆژی 2ی حوزەیرانی رابردوو ، والتەر لوبکەی سەرۆکی حکوومەتی شاری کاسلی ئەڵمانیا لە بالکۆنی ماڵەکەی بە کوژراوی دۆزرایەوە، گوللەیەک بە سەریەوە نرابوو . ئەمە بووە یەکەم کردەوەی تیرۆری سیاسی لە دوای ڕووخانی نازیەت کە لەسەر دەستی تونددڕەوان ئەنجام درابێ . لە ساڵی 2015دوە چەند جارێک هەڕەشە لە لوبکە کراوە و داوای لێ کراوە چیتر پشتگیری لە سیاسەتی مێرکل نەکات سەبارەت بە پەنابەران . بەڵام ئەو بە بەردەوامی سەردانی شارۆچکە بچووکەکانی دەکرد و بە بەرپرسانی ڕادەگەیاند کە پێشوازیکردن لە پەنابەران مەسەلەیەکە پەیوەستە بە بەهاکانی ئایینی مەسیحی . هەر لەو کاتەوە دەیان نامەی ئەلیکترۆنی بەدەست گەیشت و هەڕەشەی لێکرا ، دواتر ناوی لە لیستی ئەوانە هات کە نازیە تازەکان بڕیاری تیرۆرکردنیان دابوو و لەژێر وێنەکەیدا نووسرابوو : ئەم گەمژەیە بکوژن . پاشان یەکێک لەو تونددڕەوانە هەڕەشەکەی جێبەجێ کرد و لوبکەی کوشت .

لە وڵاتی ئێمە چ ڕووددات؟

بەم دواییانە ، هایکۆ ماسی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لە بەرامبەر زوومی کامێراکان وتی : کوژرانی لوبکە من و کەسانێکی زۆری دیکەشی تووشی شۆک کردین . ئەو داواشی ئە ئەڵمانەکان کرد حەفتانە خۆپیشاندان لە دژی تونددڕەوان ئەنجام بدەن . ماس وتیشی : لە خۆم پرسی : لە وڵاتی ئێمە چ ڕووددات ؟ ئەگەر سەیری پێگە ئەلیکترۆنیەکان بکەین ، ئاستی ئەو ڕق و کینەیەمان بۆ دەردەکەوێ کە بەرامبەر بە سیاسەتوان و بیرۆکرات و یانە وەرزشی و کلتوورییەکان دەخرێتە ڕوو ، کەواتە پێویستمان بە ڕووبەڕووبوونەوە هەیە ، دەبێ ڕاشکاوانەش بڵێین ئەمە قابیلی قبوڵ نیە .

دوو نموونەی دیکە

لە بەریتانیا ، تەنیا هەفتەیەک بەر لە ئەنجامدانی ڕاپرسی چوونە دەرەوەی ئەو وڵاتە لە یەکێتی ئەورووپا لە ساڵی 2016، جۆکۆکسی پەرلەمانتاری سەر بە پارتی کرێکاران لەلایەن کەسێکی تونددڕەوەوە تەقەی لێکرا و گیانی لەدەست دا .

مانگی کانونی دووەمی رابردوو لە پۆلەندا پاڤل ڕیکەر وتی : هەڕەشەی کوشتن بەر لە ساڵی 2015لە ئەڵمانیا زۆر کەم بوو ، بەڵام ئێستا بۆتە کارێکی ڕۆژانە و ئەمڕۆ ئەو کارمەندی ئاسایشی تایبەتی هەیە بۆ پاسەوانی. ریکەر وتیشی: ئەوانەی ئەمڕۆ بەرگری لە کرانەوەی کۆمەڵگاکەمان دەکەن ، بوونەتە ئامانجی تیرۆرکردن. شایەنی باسە ماوەیەک دوای کوژرانی لوبکە ، خاتو ریکەر نامەیەکی ئەلیکترۆنی مەترسیداری بەدەست گەیشتووە و تیایدا تونددڕەوان بە وتەی هێتیل ئەند هێتیل هیتلەر (بڕی سەرکەوتن و بڕی هیتلەر) دەستیان بە هەڕەشە کردووە . لە نامەکەدا هاتووە : لەگەڵ کوشتنی لوبکە ، قۆناغی پاککردنەوە دەستی پێکردووە و هێشتا زۆر کەس ماون وەک ئەو بکوژرێن، تۆش لەنێوان ئەوانەی، ساڵی 2020 ژیانت کۆتایی دێت.

ژیاندنەوەی قۆناغی ڤایمار

شارەزایەکی بواری تونددڕەوی پێی وایە هەڕەشەکردن لە سیاسەتوانان هەوڵێکە بۆ ژیاندنەوەی قۆناغی کۆماری ڤایمار ، واتە قۆناغی نێوان هەردووک جەنگی جیهان کە دیموکراسی دەکات . بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی 2015 زیاتر لە ملیۆنێک پەنابەر



گشتی هەمیشە لە مەسەلەکەیان کەم کردۆتەوە .

بۆچوونێکی تایبەت

سەبارەت بە هەڵوێستی ناتەواوی ئەڵمانەکان بەرامبەر بە تونددۆتیژیی ڕاستڕەوان، عومدەی شاری کۆڵۆنیای ئەڵمانی بۆچوونێکی تایبەتی هەیە و تیایدا دەڵێ : ئەڵمانەکان دڵیان بەو قەناعەتە خۆشە کە دەڵێ ئەوان بە شێوازێکی یەکلاکەرەوە مامەڵەیان لەگەڵ میژووی نازیەتدا کردووە ، لە ئەنجامیشدا گەیشتوونەتە قەناعەتێکی هەڵە ئەویش ئەوەیە : ئەوەی نابێ ڕوو بدات ، نابێ ڕووبدات .

نازیەکان لەنێو دامودەزگای سەربازیدا

پار ساڵ، کاتێک ڕاستڕەوان ڕژانە شەقامەکانی شاری کیمنتس لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا و پەنایان بۆ تونددۆتیژی برد ، ئەو کاتە هانز جۆرج ماسنی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری لە ئاستی مەترسی ڕووداوەکەی کەم کردەوە ، ئەمەش پێچەوانەی هەڵوێستی مێرکل بوو ، بۆیە دواتر ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە . لەم دواییانەش لە شاری فرانکفۆرت ئەفسەرێکی پۆلیس بە تۆمەتی هەڕەشەکردن لە پارێزەرێک دەستگیر کرا کە ئەرکی پارێزەری قوربانیانی نازیە تازەکانی پێ سپێردرابوو ، ئەفسەرەکە هەڕەشەی کوشتنی کچە تەمەن دوو ساڵیەکەی ئەو پارێزەرەی کردبوو . لەو بارەوە سیاسەتوانێکی بەناوبانگ دەڵێ: لەوەتەی کۆمارەکەمان دامەزراوە گوشاری وای لەسەر نەبووە لەلایەن ڕاستڕەوە تونددڕەوەکانەوە .هەر لە ئەیلوڵی 2017 ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی بڵاو کرایەوە و تیایدا ئاماژە بەوە کراوە کە دەزگای هەواڵگریی ئەڵمانیا لیستێکی لایە کە ناوی 391 ئەندامی سوپا دەگرێتە خۆی کە پێدەچێ سەر بە گرووپ و لایەنە ڕاستڕەوەکان بن . لە هەمان ساڵدا هەمان دەزگا ناوی 286 کەسی دیکەی دەستنیشان کردووە . ئەم ڕاپۆرتە لەسەر زاری وتەبێژ بەناوی دەزگای بنبڕکردنی سیخوڕی ئاماژەی بەوە کردووە کە لەنێو ریزەکانی سوپادا زیاتر لە 20 کەسی تونددڕەو دەستگیر کراون و گومانیش لە 60 کەسی دیکە دەکرێ.

دەربارەی نازیە تازەکان

بە چەند ناوێک دەناسرێن، لەوانە: بزووتنەوەکانی ناسنامە ، هاوڵاتیانی ڕایخ ، نازیە تازەکان .
بە هیچ شێوەیەک دان بە دەسەڵاتی ئێستادا نانێن و تەنیا خۆیان بە ڕۆڵەی سیستمی نازی دەزانن کە لە ساڵی 1945 ڕووخا. زۆربەی ئەندامانی ئەو گرووپە مافی هەڵگرتنی چەکیان هەیە .
تەنیا لە ویلایەتی بادن فورتمبێرگی ئەڵمانیا 3500 لایەنگریان هەیە .
بەڵگەی زۆر هەن لەسەر ئەوەی کە ئێستا ئەوان خۆیان بۆ شەڕی ناوخۆ ئامادە دەکەن . لیستێکیان بە ناوی لیستی دوژمنان ئامادە کردووە و ناو و ئەدرەس و ژمارەی تەلەفۆنی 25 هەزار کەسی تێدایە.

ئادامۆڤیچی سەرۆکی شارەوانی شاری گەدانسک لەلایەن تونددڕەوێکەوە درایە بەر چەقۆ و کوژرا .

ئەڵمانەکان هەڵەیان کرد

لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهاندا، ئاژانسی هەواڵگری ناوخۆیی ئەڵمانیا کە بە نووسینگەی فیدراڵی بۆ پاراستنی دەستوور ناسراوە ، دامەزرێنرا ، مەبەستی سەرەکی دامەزراندنی ئەو دەزگایە بریتی بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ڕەوت و بزووتنەوەیەک کە دژایەتی ڕوویان کردە ئەو وڵاتە ، دەزگای ناوبراو زیاتر خۆی بە هەڕەشەی بزووتنەوە و لایەنە تونددڕەوە ئیسلامیەکانەوە سەرقاڵ کرد و پشتی لە بزووتنەوە و ڕەوتە ڕاستڕەوە تونددڕەوەکان کرد کە بە نازیە تازەکان دەناسرێن، ئەمەش هەڵەیەکی گەورە بوو ، چونکە دواتر بۆی دەرکەوت کە زیاتر لە 24.100 کەسی ڕاستڕەوی تونددڕەو لە ناوەوەی ئەڵمانیا هەن ، زیاتر لە 12.700 کەسیان پەنا بۆ تونددۆتیژیی دەبەن و بڕیاری دەستگیرکردن بۆ 500 کەسیان دەرچووە .

هەرگیز واز لە مێرکل ناهێنێ و دووچاری شکستی دەکات . دواتر لە مانگی تەموز ، بەرپرسێکی ئەو پارتە پارتی سەوزی وەک ڕکابەری سەرەکی وەسف کرد و پەیمانی دا کە شکستی پێ بێنێ .

هێیل هتلەر!

ساڵی 2017 ئەندریاس هولشتاینی عومدەی شاری ئەلتینا لە باکووری ئەڵمانیا لە هێرشێکی تیرۆرستی ڕزگاری بوو ، پێشتر لە ساڵی 2015دش خاتو هێنریت ریکەری عومدەی شاری کۆڵۆنیا لەلایەن کەسێکی تونددڕەوەوە بە چەقۆ هێرشی کرایە سەر. لە دیانەیەکدا تیایدا ڕاستڕەوان بە مەبەستی شێواندنی بارودۆخی وڵات و لەباربردنی دیموکراسیەت لە ئەڵمانیا ژمارەیەک کەسی سیاسیان تیرۆر کرد و لە کۆتاییدا توانیان بە ئامانجەکەیان بگەن . ئەو شارەزایە دەشڵێت : تێکدانی سەقامگیری وڵات هەمیشە ئامانجی ستراتیژیی نازیە تازەکان بووە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا بەم شێوەیە مەسەلەکەیان نەبینیوە، بەڵکو پێیان وابووە کە تونددۆتیژیی ڕاستڕەوە تونددڕەوەکان تەنیا بریتیە لە هەڵسوکەوتی تاکەکەسی و هیچی تر ، بە شێوەیەکی



فرانس 24:
لە قوتابخانەیەکی لۆس ئەنجلۆسی ئەمەریکا قوتابیەکی تەمەن 16 ساڵ تەقەی لە چەند هاوڕێیەکی کرد و لە ئەنجامدا 2 کەس کوژران و دواتر خۆشی کوشت .



کەنالی ئار تی :
حکوومەتی پۆلیڤیا بڕیاری دا هەموو پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانی لەگەڵ ڤەنزویلا ببڕێت .

مانشێت



سکای نیوز:
دەزگای ئاسایشی ئۆکرانیا هەواڵی دەستگیرکردنی بەرا چیچانی گەورە سەرکردەی قاعیدەی ڕاگەیاند .



ئیلاف:
لیتوانیا و نەرویژ چەند کەسێکیان لەگەڵ ڕووسیا گۆڕیەوە کە بە تۆمەتی سیخوڕیکردن دەستگیر کرابوون .



ئەی ئێف پی:
ژمارەیەک سەرمایەداری نیشتەجێی بەریتانیا ڕایانگەیاند ئەگەر لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەو وڵاتە سۆسیالیستەکان سەرکەوتن وەدەست بێنن ، بەریتانیا چۆل دەکەن .



ڕۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت :
سەرۆکی کوبا داوای کرد ئەمەریکا دوورگەی گوانتانامۆ بگێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی وڵاتەکەی .



فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلمی تاران بە نمایش کردنی 140 فیلم لە 25 وڵاتەوە بەڕێوەدەچێت



ئا-بەرهەم شێخ عزەدین

ڕاگەیاندنی گشتیی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلمی تاران بڵاوی کردەوەکە سیوشەشەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلمی تاران، بە نمایش کردنی 140فیلم لە دەرهێنەرانی 25وڵاتی جیهان لە تاران بەڕێوەدەچێت.

ناسین و ناساندنی باشترین بەرهەمەکانی کورتە فیلم

بەڕپرسی سیوشەشەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی تاران لە سەرەتای ئەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییەدا گوتی:. سیوشەشەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی تاران؛ بە مەبەستی ناسین و ناساندنی باشترین بەرهەمەکانی کورتە فیلم لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا و هەروەها دروست کردنی ڕکابەرییەکی سازێنەر لە نێوان فیلمسازان و بە نمایش کردنی 140فیلم لە دەرهێنەرانی 25 وڵاتی جیهان لەوانە؛ ئیسپانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئەمریکا، ڕووسیا، کۆماری چیک، سویسرا، هۆڵەندا چین، کەنەدا، ئیتاڵیا، فینلەندا، پۆڵەندا، بولگاریا، پۆرتوگال، هیندوستان، بەڵژیک، نیپال، ئیسلۆوینی، سەنگاپوور، ژاپۆن، پرۆ، لیتوانی، تورکیا، لۆکزامبۆرگ، کرۆواسی، سێربستان، مالتا و هەروەها بە نامادەبوونی ناوبژیوانانێک لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لەوانە؛ نیوزلەند، هیندستان، پۆرتوگال، بەڵژیک و ئێران لە چەندین بەشی ڕکابەری نەتەوەیی و نێونەتەوەیی پێکهاتوو لە کورتە فیلمەکانی چیرۆکی، بەڵگەفیلم، ئەزموونی و ئەنیمەیشێن و بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی پیشەیی و پسپۆڕانە و زانستی و کارگە و وۆرکشۆپەکانی فێرکاریی سینەمایی لە ڕۆژانی 18 تا 24ی مانگی خەزەڵوەری 1398ی هەتاوی ڕێکەوتی 9 تا 15ی نۆڤەمبری 2019ی زایینی لە پەردیسی سینەمایی میللەت لە شاری تاران بەڕێوەچوو.

گرینگترین فێستیڤاڵی ڕۆژئاوای ئاسیایە

ئەوسەرپەرشتیارە زیاتر گوتی: ئەم فێستیڤاڵە بێگومان گرینگترین فێستیڤاڵی ڕۆژئاوای ئاسیایە و لە ڕاستیدا میراتی نەتەوەیی ئێمەیە. یەکەم لەبەر ئەوەی کە پێشینەیەکی سیوشەش ساڵەی هەیە، لە حاڵێکدا کە 80 لەسەدی فێستیڤاڵەکانی جیهان پێشینەی کەمتر لە 10 ساڵیان هەیە. دووهەم ئەوەی کە ژمارەی ئەو بەرهەمە نێردراوانەی کە لەم ساڵانەدا بە نووسینگەی فێستیڤاڵەکە گەیشتووە، ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە و سێهەم ئەوەی کە ئاستی میوانەکانی نێودەوڵەتیی ئێمە و هەروەها خەڵاتەکانی نەغدی کە لەم فێستیڤاڵە بوونی هەیە، نیشاندەری گرینگیی ئەم فێستیڤاڵەیە.

نمایش کردنی 50 فیلم لە دەرهێنەرانی 25وڵاتی جیهان

بەڕپرسی سیوشەشەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی تاران لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: ئەمساڵ بە هۆی ئەو بارودۆخە ئابووریەی ئێستا کە لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، کەم بوونەوەی 50 لەسەدی بوودجەمان هەبووە. پارە و بوودجەی ئێمە لەم کاتەی ئێستادا لە لایەن ڕێکخراوی سینەمایی 2 میلیارد تومەنە، بەم بارودۆخە، چەندین میوانمان لە وڵاتانی جۆراوجۆر وەکوو نیووزلەند، فەرەنسا، پۆرتوگال، هین، تورکیا، ئەڵمانیا و هتد دەبێت. چەندین کۆر و کۆبوونەوە و کارگەی فێرکاری لە لایەن میوانانی بیانی بە شێوەی بێ بەرامبەر بەڕێوەدەچێت. هەروەها لە بەشی کێبڕکێدا بە گشتی 110 وڵات بەرهەمەکانی خۆیان ناردووە کە لە مانگی ڕەشەمە، ڕێکەوتی مارسی ساڵی پار قۆناغی دووبارە بینینەوەی ئەم فیلمانە دەستی پێکرد و لە کۆتاییدا 50 فیلم لە 25وڵات لەم فێستیڤاڵەدا ئامادە دەبن.

نمایش کردنی 90فیلم لە دەرهێنەرانی ئێرانی لە بەشی نەتەوەیی فیستیڤاڵ

مووسەوی ڕایگەیاند: لە بەشی نەتەوەییدا 1648بەرهەم بۆ نووسینگەی فیستیڤاڵ نێردرا و کەمتر لە 10لەسەد واتە 140بەرهەم لە فێستیڤاڵەکە وەرگیراوە. لە بەشی چیرۆکیدا 1021فیلممان هەبوو کە دەستەی هەڵبژاردن دەبوایە لە ماوەی دوو مانگدا ئەم ڕێژە فیلمە ببینێت کە یەکجار کارێکی سەختە. بۆ یەکەمین جار 10کەس وەکوو دەستەی هەڵبژاردن دیاری کران کە لە چوارچێوەی دوو گروپی 5 کەسیدا هەر کامە 100فیلمیان بە ئێمە ناساند. لە قۆناغی دواتردا، دەستەی هەڵبژاردن 200فیلمیان سەرلە نوێ بینییەوە و لە کۆتاییدا 67فیلمی چیرۆکیمان هەڵبژارد. هەڵبەت ڕێژەی ئەندامانی دەستەکانی هەڵبژاردنی ئەنیمەیشێن، ئەزموونی و بەڵگەفیلم کەمتر بوون.

بەشی ڕکابەریی کتێب و سینەما

هەرلەوبلاوکراوەیەدا بەڕپرسی بەشی پەیوەندییەکانی ئەوفیستڤاڵە گوتی: ئەمساڵ پێنجەمین ساڵە کەلەگەڵ مالی کتێب هاوکاریان هەبووە. لەم هاوکارییەدا بەرنامەگەلێکی جۆراوجۆر پێشبینی کراوە کە بریتێن لە کێبڕکیی "کورتە چیرۆک بۆ ئیقتباس"، چاپ و بڵاو کردنەوەی چەندین کتێبی نوێ و بەشی ڕکابەریی "کتێب و سینەما". ئەمساڵ 302بەرهەم بۆ بەشداریی لەم بەشە داواکارییان هەبووە کە بریتییە لە 11بەرهەمی چیرۆکی، 5بەڵگە فیلم، 2 فیلمی ئەزموونی و 6 بەرهەمی ئەنیمەیشێن. لە بەشی کێبڕکێی کورتە چیرۆک بۆ ئیقتباس، 650کورتە چیرۆک بۆ ئەم نێردراوە. ئەم بوارە یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە دەتوانێت کێشەی دەقی سیناریۆی فیلم کەم بکاتەوە. لەم بەشەدا بە 3 بەرهەم خەڵاتی ماوی پێشکەش دەکرێت و بڕیار وایە ئەنجومەنی سینەمای لاوانی ئێران کۆپی ڕایتی 10 بەرهەم بکڕێتەوە.

بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵ لە پارێزگا جۆراوجۆرەکانی ئێران

دەبیری سیوشەشەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی تاران هەروەها ڕایگەیاند: ئەمساڵ فیستیڤاڵ لە پارێزگا جۆراوجۆرەکانی ئێران، لەوانە؛ بووشێهر، خۆراسانی باشوور، کرمان، ئەردەبیل، زەنجان، یەزد، ئیلام، هۆرمۆزگان، مازەندەران، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، قوم و خووزستان بە شێوەی هاوکات بەڕێوەچوو.

مایا دیاب و دوو کلیپ

پێشکەشکارو گۆرانی بێژی لوبنانی مایا دیاب، کە خاوەنی جەماوەرێترین بەرنامەی هونەریە لە لوبنان بە ناونیشانی (هیک بنغنی) واتە بەو شێوەیە گۆرانی دەچڕین، بە گۆڤاری لەیالینای ڕاگەیاند: کە ئێستا زیاتر گرنگی بە کلیپ کردنی گۆرانییەکانی دەدات و ئەمجارەش کاتێکی باشی بۆ تەرخان دەکات و دوو کلیپی لەبەردەستدایەو ئێستا وێنەیان دەگرێ. هەر لەم ماوەیەدا مایا دیاب دوو ئاهەنگی جەماوەری سازدەکات لە قوبرس و سوریا. سەرباری ئەوەش پالێوراوە بۆ وەرگرتنی چەندین خەڵاتی هونەری.



داهێنەری فلاش میمۆری داوای لێبووردن لەجیهان دەکات

زانای هیندی "ئەجای بهات" کەخۆی داهێنەری فلاش میمێۆرییە داوای لێبوردن لەهەموو جیهان دەکات بەهۆی ئەو ئاستەنگ و سەختیانەی زۆر کەس ڕووبەڕووی دەبنەوە کاتێ هەوڵ دەدەن ئەم داهێنانە بەکاربهێنن.

بهات ڕایگەیاندووە تەواو تێگەیشتوە لەو بێزارییەی کە جەماوەر توشی دەبێت لەڕێی بەکارهێنانی ئەو ئامێرەوە بەستنی لەکۆمپیوتەرەکانەوە.

بەهات سەرۆکایەتی ئەو تیمە زانستییەی کرد کەلەساڵی ١٩٩٦ دا فلاش میمۆری داهێنا کەبە USBناسراوە و بەکاردێ بۆ گواستنەوەی فایل و داتاکان لەکۆمپیوتەرێک بۆ یەکێکیتر. بەڵام بەکارێنەران باس لەچەندین گرفتی تر دەکەن وەک نەناسینەوەی فلاشەکە لەسەر هەموو کۆمپیوتەرێک، نەتوانینی دانانی فایلی نوێ بۆی، سەرباری ئەگەری گواستنەوەی ڤایرۆسە زیانبەخشەکان بۆی و هەروەها تێچکوونی ئامێرەو نەمانی داتا سەیڤکراوەکانی ناو ئامێرەکە.

هیراکلیتس

ئەوشازادەیەی فەلسەفەکەی ناسراوە بە فەلسەفەی گریان



فەرمان هیدایەت

(هیراکلیتس) لەساڵی (535) پ.ز. لەدایک بووە و لە(475) پ.ز.کۆچی کردووە.

- چەرخ: قۆناغی فەلسەفی دێرین

- لەناوچەی ڕۆژئاوای یۆنان،کەناسراوە بەفەلسەفەی ڕۆژئاوا فەیلەسووفەکانی.

قوتابخانە: هیراکلتیس،سەربەهیچ قوتابخانەیەک نەبووە،خۆی قوتابخانەبووە، بەشێنکەوتووانی گوتراوە(هیراکلیتیکان) لەشاری، ئەفسوس لەوڵاتی یۆنان، پێش سۆکرات لەدایک بووە ودەرکەوتووە. لەخانەوادەی پاشایەتی بووە، پاڵێواروی جێنشین بووە، بێتە پاشای یۆنانیەکان بەڵام ڕەتیکردۆتەوە بۆ براکەی جێهێشتووە، بێردۆزە فەلسەفیەکانی لەسەرئەو بڕوایە داناوە،ئاگرناوەڕۆکی گشت ماددەیەکە، هەروەها گۆڕانی بەردەوامی ماددەش بەشێکە لەبیردۆزە فەلسەفێیەکانی، کەوا لەسەردەمی خۆیدا وە ئێستاکەش گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی زۆری هەڵگرتووە، هیراکلیتس بایەخی بەسێ بابەتی سەرەکی داوە لەکارەکانی: میتافیزیک واتە ئەودی و فیزیا، ئاکارو ڕامیاری (ئەخلاق وسیاسەت)، بیردۆزی زانیاری، نەزەریەی مەئریفە) زۆربەی فەلسەفەکانی دوای خۆی لەمنالدانی بیروتێگەیشتنەبیرتیەکانی هیراکلتیس دروست بوون لەدایک بوون.

(بۆچی فەیلەسوفی گریان)

لەچەرخی فەلسەفەی دێرینی یۆنان،دیمۆکراتیس پێدەکەنی بەگەوجایەتی مرۆڤ،ناویان نافەیلەسوفی پێکەنین،بەڵام هیراکلیتس گریانی دەهات، بەگەوجایەتی مرۆڤ وناویان لێنا فەیلەسوفی گریان.

(فەیلەسوفی ناڕوون)

لەچەرخی یۆنانی وڕۆمانی، ناویدەهێنرا بەفەیلەسوفی ناڕوون، چونکە ووتەکانی زۆر قوڵ و ناڕوون و فەلسەفی بوون، ئەوەتا تیمۆن فلیسی،فەیلەسوفی یۆنانی دێرین دەڵێت: هیراکلیتس،خاوەنی گوتەی وەک مەتەڵە،هەروەها فەیلەسوف ئەفلاتۆنین:لەبارەیەوە دەڵێت گوتەکانی هیراکلیتس، وەک لێکچواندنێک وایە پێویستە لەخۆماندابگەڕێن بەدوی ماناکانیدا .کۆسمۆلۆژیای هیراکلیتس:(بەئینگلیزی Cosmology) واتە (زانستی گەردوون) (بەیۆنانی: بەمانای(جیهان) و- بەواتای (تـوێژینـەوە)دێت، کۆسمۆ لەبنـەڕەتدا واتە (ڕێسا)کەهیراکلتیس لەفەلسەفەی یۆنانی دێرینداً، بەباوکی ڕەواقێکان ئەرستۆ ، دادەنرێت، کەئاگریان بەکرۆکی هەموشت دەزانی لەگەردوندا.

ژێدەرەکان:

-گۆڤاری (الحکمه)

-گۆڤاری (المعرفه)



www.xebat.net
خەبات یەک شەممە 2019/11/17 ژمارە (5872)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com







بەرامبەر بە 40 ملیۆن یورۆ سوپەری ئیسپانی گواسترایەوە سعودیە

ئیسپانیا داوای لە سعودیە کرد رێگر نەبێت لە ئامادەبوونی ئافرەت لە سوپەری ئیسپانیادا

رامۆس: هیوادارین سوپەری ئیسپانی بارودۆخی سعودیە بگۆڕێت



هاوار مورتکەیی

هاوکات لەگەڵ ئەو رێککەوتوون کە پاڵەوانێتییەکە لە ریاز بەرێوەببێت، بەڵام ئیسپانیا لەوە بێئاگا بوو کە هێشتا یاریگاکانی سعودیە لەو ئاستەدا نەبووە کە ریگا بەئافرەت بدات بەبێ سەرپۆش بچێتە نیو یاریگاکانەوە، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بەفەرمی داوای لە یەکێتی تۆپی پێی سعودیە کردووە کە رێگر نەبیت لە ئامادەبوونی ئافرەت لە یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتییەدا.

هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە پاڵەوانێتییەکە لە ریاز بەرێوەببێت، بەڵام ئیسپانیا لەوە بێئاگا بوو کە هێشتا یاریگاکانی سعودیە لەو ئاستەدا نەبووە کە ریگا بەئافرەت بدات بەبێ سەرپۆش بچێتە نیو یاریگاکانەوە، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بەفەرمی داوای لە یەکێتی تۆپی پێی سعودیە کردووە کە رێگر نەبیت لە ئامادەبوونی ئافرەت لە یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتییەدا.

رۆژنامەکانی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی و مارکا ئاشکرایان کردووە کە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا هەڕەشەی ئەنجام نەدانی ئەو جامەی لە سعودیە کردووە کە ئەگەر بێتوو دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە ئازادی تەواو بە ئافرەت نەدەن لەوەی ئارەزوو دەکەن بەچ جۆرە جل و بەرگێک ئامادەی یارییەکان بن.

لەلایەکی دیکەوە سێرجی رامۆسی کاپتنی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید، بەو لیدوانەی جەماوەری ئیسپانی تورەکرد کە لەبارەی بەرێوەچوونی جامی سوپەری ئیسپانی لە سعودیە، رامۆس لە لێدوانەکەیدا رایگەیاندبوو کە هیواخوازە ئەنجامدانی سوپەری ئیسپانی لە سعودیە یارمەتیدەربێت بۆ گۆڕینی بارودۆخی سعودیە.

تیرۆپشکی جامەکەش بە سیستەمیکی تازە بەمشێوەیە بەرێوەدەچێت: بەرشلۆنە رووبەڕووی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەبیتەوە، لەولاشەوە ریال مەدرید بەرامبەر قالانسیا یاری دەکات.

ریال مەدرید- قالانسیا 2020/1/8

بەرشلۆنە- ئەتلەتیکۆ 2020/1/9

رۆژی یەکشەممەش 2020/1/12 براوەی هەردوو یاریەکە لە یاری کۆتایی ئەم جامە بەرامبەر یەک یاری دەکەن، بەڵام تا ئێستا کاتی یاریەکە دیاری نەکراوە کە بەرۆژ یان بەشەو یاریەکان بەرێوەدەچن.

جێی باسە لەماوەی نێوان 8 تا 12ی کانوونی دووەمی 2020 و بەبەشداری یانەکانی بەرشلۆنە و ریال مەدرید و ئەتلەتیکۆ مەدرید و قالانسیا، جامی سوپەری ئیسپانی لە سعودیە بەرێوەدەچێت، وەرزی رابردووش یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بەمەبەستی دەسکەوتنی داهاتێکی زۆر، یاری کۆتایی سوپەری ئیسپانی نێوان بەشلۆنە و ریال مەدریدی گواستبۆوە مەغریب.

بەرازیل و مەکسیک لە یاری کۆتایی مۆندیالی تازەپێگەیشتوان رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە



دوای ئەوەی هەڵبژاردەی بەرازیل بەئەنجامی 2-3 گۆڵ لەهەڵبژاردەی فرەنسای بردەوە گەیشتە یاری کۆتایی جامی جیهانی تازەپێگەیشتوان (خوار 17 ساڵ)، کە ئێستا لە وڵاتی برازیل بەرێوەدەچێت، و لە یاریی کۆتاییشدا رووبەڕووی هەڵبژاردەی م ەکسیک دەبێتەوە، کە ئەمەی دوایی بەئەنجامی 3-4گۆڵ بەلێدانی یەکلاکەرەوە گەیشتە یاری کۆتایی.

یاری کۆتایی مۆندیالی تازەپێگەیشتوانی 2019 لەنێوان بەرازیل و مەکسیک کاتژمێر 1ی بەرەبەیانی دووشەممە لەسەر یاریگای فالمیر پیزبراو بەرێوەدەچێت، بەر لەوانیش هەردوو هەڵبژاردەی فرەنسا و هۆڵەندا لەسەر بەدەستهێنانی پلەی سێیەم لەسەر هەمان یاریگا رووبەرووی یەکتر دەبیتەوە.

ئەمەی حوارەوەش لیستی گۆڵکارانە:

سۆنتجی هانسین (هۆڵەندا) 6گۆڵ

ناتانایل مبۆکۆ (فرەنسا) 5گۆڵ

کایۆ جۆرج (برازیل) 4گۆڵ

لە یارییەکانی خولی نایابی کوردستاندا:

یانەی برایەتی پێشەنگی پێشکەشی سیروانی نوێ کرد

پێشمەرگەی سلێمانی وشێروانە لەخراپترین ئاستیاندان



ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین

فۆتۆ: ئاردەلان هەولێری

گەڕی چوارەمی خولی نایابی کوردستان بەچەندین یاری ئاگرین بەرێوەچوو، لەگرنگترین یاریشدا هەردوو یانەی هەولێر وزاخۆ لەیاریگای زاخۆ بەیەکگەیشتن، لەئەنجامدا یانەی هەولێر توانی یاریەکە لەبەژەوەندی خۆی بەئەنجامی 2-1 گۆڵ یاریەکە کۆتایی بهێنێت و 3 خاڵی گرنگی لەسەر دەستی زاخۆ دەستەبەرکرد، بەم بردنەوەیە هەولێر کۆی خاڵەکانی بوو بە 7 خاڵ و لەپلەی پێنجەمی رێزبەندی خولەکە جێگیربوو، لەبەرانبەردا یانەی زاخۆ بەکۆکردنەوەی 4 خاڵ لەپلەی حەوتەمی رێزبەندی خولەکە دەبیندرێت.

لەیاری دووەمدا و لەیاریگای یانەی برایەتی، هەردوو یانەی برایەتی و سۆران لەیاریەکی بەهێز و پڕجەماوەریدا ڕووبەرووی یەکتربوونەوە،برایەتی توانی پێشەنگی لەسۆران وەربگرێت و دوای ئەوەی یاریەکە بوو، دوای ئەوەی توانی بەئەنجامی تاکەگۆڵێکی بێ وەڵام لەپێشمەرگەی سلێمانی ببات‌ەوە و خۆی بگەیەنێتە پێشەنگی یانەکان، ئەم بردنەوەیە کۆی خاڵەکانی سیروانی نوێ بوو بە 10 خاڵ و هاتە پێشەنگ، لەدوای سیروانی نوێ یانەی برایەتی بەکۆکردنەوەی 8 خاڵ پلەی دووەمی وەرگرت، هەروەها یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەم دۆراندنەی بەرانبەر سیروانی نوێ تەنها 1 خاڵی کۆکردۆتەوە ولەدوایین یانەکانی رێزبەندی خولەکەدا دەبیندرێت، هەروەها ئەم وەرزە یانەی شێروانەش ئاستی وەک پێویست نییە، بەتایبەتی لەیاری ئەم هەفتەیەدا بەرانبەر یانەی دەربەندیخان بەتاکەگۆڵێک دۆرا و لەپلەی دووازدەمینی رێزبەندی خولەکە بەکۆکردنەوەی 1خاڵ دەبیندرێت.

ئەنجامی یارییەکانی دیکە بەمشێوەیەبوو:

دهۆک * 2زێرەڤانی 2

شێروانە *0 دەربەندیخان 1


پێشمەرگەی هەولێر *2هەندرێن 1

رێزبەندی هەفتەی چوارەمی خولەکە لەپلەی یەکەم تاپلەی چوارەم بەمشێوەیە دەبێت: 1- سیروانی نوێ 10 خاڵ 2- برایەتی 8 خاڵ 3- دەربەندیخان 8 خاڵ 4- سۆران 7 خاڵ.

بەئەنجامی 2-1 گۆڵ لەیانەی سۆرانی بردەوە و 3 خاڵی زێرینی لەم یانە دەستکەوت، یانەی برایەتی بەم سەرکەوتنە خۆی گەیاندە پلەی دووەمی رێزبەندی خولەکە بەکۆکردنەوەی 8 خاڵ، لەبەرانبەردا یانەی سۆران بەم دۆراندنە هاتە پلەی چوارەم بەکۆکردنەوەی 7 خاڵ و پێشەنگی یانەکانی لەدەستدا، لەیاریەکی دیکەدا لەدێربی سلێمانی، پێشمەرگەی سلێمانی میواندرای لەسیروانی نوێ کرد، سیروانی نوێ براوەی

بەهۆی نەبوونی پاسەپۆرتەوە

کوردێکی شاری دهۆک نەیتوانی بۆندێک لەگەڵ یانەی واتفۆردی ئینگلیزی ئیمزا بکات



خەبات: سولێن سلێمان

خالید سالم محەمەد، خەڵکی شاری دهۆکە، ساڵی ٢٠٠٢ رووی کردۆتە وڵاتی بەریتانیا و لە لەندەن نیشتەجێیە، خەونی خالید ئەوە بوو ببێتە وەرزشوانێکی بەناوبانگ و دیارە، سەرەتا لە تیپێکی ئاسایی یاری کردووە ، پاشان چۆتە ئاستێکی بەرز و لە ریزی تیپە گەورە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە یاری دەکات.

خالید دەڵێت:- سەرەتا لە یانەی واتفۆرد یاریم دەکرد بەڵام کاتێک هاتە سەر ئەوەی زیاتر تواناکانم بەرەو پێش ببەم و بۆندێکی درێژخایەن واژوو بکەم ، بەرێوەبەری یانەی واتفۆرد بانگی کردم ، گوتی: خالید تۆ چانسێکی زۆر گەورەت هاتۆتە پێش، بۆندێکی درێژخایەن واژوو دەکەین، پاسپۆرتەکەت بهێنە با ناوت تۆمار بکەین، بەڵام بەداخەوە گوتم پاسپۆرتم نییە چونکە ئەو کات هێشتا مافی پەنابەریم نەبوو ، پاسپۆرتی بەریتانیم نەبوو ئەو کاتی، بەرێوەبەرەکەم گوتی چۆن تۆ پاسپۆرتت نییە ، ئەگەر پاسپۆرتم هەبوایە بۆندێکی ــ هەزار پاوەندم ئیمزا دەکرد، و بەداخەوە نەمتوانی لە ریزی پێشەوەی یانەکەم بم ، خالید گوتیشی : لە ئێستادا تەمەنم "٣٣"ساڵە و بەردەوامم ، و هاوڕێکانم ئەوانەی کەلە سەرەتای وەرزشکردنم لەگەڵم بوون لە ئێستادا لە ریزی یانەی بەناوبانگ کە یانەی مانچستەر یونایتد یاری دەکەن، و بە بەردەوام لە گەڵیان لە پەیوەندیدام و هەمیشە زۆر هانم دەدەن کە دەستبەرداری خەونەکەم نەبم" لە کۆتاییدا خالید ئەوەش دەخاتە روو کە وەرزش زۆر گرنگە بۆ ناساندنی وڵات ، بۆیە داوا دەکات لە کوردستان ئەو بوارە پێشتگوێ نەخرێت بتوانرێت پێشبخرێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 17. Nov. 2019 No: (5872)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



بەجلوبەرگ و گۆرانیەکانی، ئەوروپییەکانی سەرسام کردووە

هونەرمەندێکی کورد بەشداری لە پرۆگرامی TED x Amsterdam دەکات و گۆرانی ست فاتیمە دەڵێت

خەبات: هەمزە سەرحان


ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا، بەشداری لە فێستیڤاڵی جیهانی تێدا ئێکس کرد، بە هاوبەشی ئۆرکێستڕای پارت ئاوت بە جلوبەرگی کوردییەوە گۆرانییەکی هونەرمەندی کۆچکردوو عەلی مەردان دەڵێتەوە.کاروان، جیا لەوەی بە جلوبەرگی کوردی لەسەر تەختی شانۆ وەستاوە و گۆرانییەکەی چڕیوە، بە شمشاڵیش بەشداری لە ژەنینی میوزیکەکەدا کردووە.کاروان ڕایگەیاند کە لەبەر گەورەیی ئازارەکانی ڕۆژئاوا چاوەڕوانی کارێکی لەم شێوەیەبووە هەر بۆیە بە موزیک گۆرانی و جل و بەرگی کوردییەوە وەک هەمو جارێک بەشداریم کردووە تا لە ئازارەکانی براکانم لە ڕۆژئاوای کوردستان کەم کەمەوە. هونەرمەند کاروان حەمید حەلاق ئەوەشی گووت ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە لە هۆڵەکەدا چەند نەتەوەیەک ئامادەبون کەگەل ناوهێنانی کوردستان هەموو ئامادەبوانی ناو هۆڵەکە وەکو ڕێز هەستانە سەرپێ و بە چەپڵەڕێزان پێشوازیمان لێکراو ست فاتیمەکەی کەرکووک لە ئەمستردامی هۆڵندا بوو بەناسنامەی میللەتێک ولارولەنجەی زیاتری دەکرد. هەروەها گوتی: ئەم ڤیستیڤاڵە فیستڤاڵێکی ئاسایی نەبوو چونکە زۆربەی کەنارْ و ڕۆژنامە جیهانییەکان ئامادەبوون.



دینا

کلیپی (دادە)ی بڵاوکردەوە

گۆرانی (دادە) لەلایەن هەریەک لە (حەمە سەعید ئیبراهیم و نەوژین سۆران) تێکستی گۆرانییەکەیان نووسیوە، هەڵکەوت زاهیر ئاوازی بۆ ئامادە کردووە،وە ئاریۆس حەمە سەعید کاری میوزیکی بۆ گۆرانییەکە کردووە، بڕیار فەتاح کاری دەرهێنانی بۆ ڤیدیۆ کلیپەکە کردووە.گۆرانی بێژ "دینا " خاوەنی ئەلبومێکی گۆرانی و چەند ڤیدیۆ کلیپێکە.



موزیک و گۆرانی دەنگێک بۆ نیشتمان

هەمزە: لە 18 تا 20ی 11ی 2019 کاتژمێر (5) ی ئێوارە لەهۆڵی ڕۆشنبیری ... ڕێگای کەرکووک وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر دووەمین فیستیڤاڵی کوردستان بۆ موزیک و گۆرانی سازدەکات بە دروشمی (موزیک و گۆرانی... دەنگێک بۆ نیشتمان) بە بەشداریی تیپ و گرووپەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان (گرووپی موزیکی هەولێر، تیپی مۆسیقای لوڕ لە سلێمانی، تیپی مۆسیقای کەرکووک، گروپا ئاوازا سەرحەدێ لە باکوور، گرووپی مۆسیقای سەربەخۆبوون لە ڕۆژئاوا، تیپی مۆسیقای ڕووناک لە ڕۆژهەڵات، تیپا روباد یا موزیکی لە دهۆک ، تیپی مۆسیقای هەڵەبجە).

بەجلوبەرگ و گۆرانیەکانی، ئەوروپییەکانی سەرسام کردووە

هونەرمەندێکی کورد بەشداری لە پرۆگرامی TED x Amsterdam دەکات و گۆرانی ست فاتیمە دەڵێت

خەبات: هەمزە سەرحان

ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا، بەشداری لە فێستیڤاڵی جیهانی تێدا ئێکس کرد، بە هاوبەشی ئۆرکێستڕای پارت ئاوت بە جلوبەرگی کوردییەوە گۆرانییەکەی هونەرمەندی کۆچکردوو عەلی مەردان دەڵێتەوە.کاروان، جیا لەوەی بە جلوبەرگی کوردی لەسەر تەختی شانۆ وەستاوە و گۆرانییەکەی چڕیوە، بە شمشاڵیش بەشداری لە ژەنینی میوزیکەکەدا کردووە.کاروان ڕایگەیاند کە لەبەر گەورەیی ئازارەکانی ڕۆژئاوا چاوەڕوانی کارێکی لەم شێوەیەبووە هەر بۆیە بە موزیک گۆرانی و جل و بەرگی کوردییەوە وەک هەمو جارێک بەشداریم کردووە تا لە ئازارەکانی براکانم لە ڕۆژئاوای کوردستان کەم کەمەوە. هونەرمەند کاروان حەمید حەلاق ئەوەشی گووت ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە لە هۆڵەکەدا چەند نەتەوەیەک ئامادەبون کەگەل ناوهێنانی کوردستان هەموو ئامادەبوانی ناو هۆڵەکە وەکو ڕێز هەستانە سەرپێ و بە چەپڵەڕێزان پێشوازیمان لێکراو ست فاتیمەکەی کەرکووک لە ئەمستردامی هۆڵندا بوو بەناسنامەی میللەتێک ولارولەنجەی زیاتری دەکرد. هەروەها گوتی: ئەم ڤیستیڤاڵە فیستڤاڵێکی ئاسایی نەبوو چونکە زۆربەی کەنارْ و ڕۆژنامە جیهانییەکان ئامادەبوون.

مل تەقاندن بەس زیانی هەیە یان سودیشی هەیە؟

دکتۆرە هەڤین کەمال شاهە محمد: مل تەقاندن دەبێتە سەکتەی دەماغ بە هۆی تەقینی خۆێنبەری بڕەبڕەکانی مل

ئا:وریشە عومەر

د . هەڤین کەمال شاهە محمد پسپۆڕ لە زانستی ئازار و بەنج وشارەزا لە چارەسەری فەقەرات و نەخۆشی جومگەکان بێ نەشتەرگەری لەلێکۆڵینەوەیەکی زانستی کەبڵاوی کردۆتەوە لەسەر سود و زیانی مل تەقاندن دەڵێت: کەسانێکی زۆر ڕاهاتوون لەسەر تەقاندی مل بە مەبەستی نەهێشتنی ئازاری مل و کەمکردنەوەی ، بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکمان هەبێت لەبارەی فسیۆلۆژی بڕەبڕەکانی مل و ماسولکەو جومگەکان، پێویستە ئەم زانیاریانە بزانین: دکتۆرە هەڤین لەسەرەتا دەڵێت: لە جومگەی بڕەبڕەکانی مل ماددەیەکی شلەمەنی هەیە بۆ ئاسانکردنی جوڵەی ئێسک و ماسولکە و شانەکانی دیکەی دەوری ،لە ناو ئەم ماددە شلەدا گازی هەمە جۆر هەیە وەک ئۆکسجین و نایترۆجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، دەرچوونی ئەم گازانە بە شێوەی بڵق دەنگی تەقەتەق دروست دەکات ،جوڵانی جومگە کاریگەری هەیە لە سەر بەستەر و ژێی ماسولکەکان ،پاش کشانی ژێی ماسولکەکان ، کاتێ خاو دەبێتەوە دەنگی تەقەتەق دروست دەکات . هەوکرنی جومگەکان: لە ئەنجامی کەم بوونەوە و نەمانی ئیلاستیکێتی کرکراگەکان و ڕەق بوونی جومگەکان تەقەتەقی ملی لێ دەکەوێتەوە



زیانەکانی تەقاندنی مل

پاشان ئەوپسپۆڕە زانیاری دەربارەی تەقاندنی مل دەخاتە ڕوو دەڵێت: باشتر وایە کەس مل نەتەقێنێت لە خۆیەوە لەبەر بوونی بۆری خوێن و دەمارێکی زۆر لە ناوچەی مل و ئەگەری زیان پێگەیاندنیان ، لە کاتی بوونی ئازار یان کێشەیەک لە مل پێویستە سەردانی پسپۆڕێک بکەیت چونکە کۆمەڵێک مەترسی هەیە هەرچەندە ئەگەری ڕووداندیان کەمە ،لەوانە :سەکتەی دەماغ بە هۆی تەقینی خوێنبەری بڕەبڕەکانی مل ، دروست بوونی جەڵتە لە بۆری خوێنەکانی مل و دواتر جەڵتەی میشک ، کەم بوونەوە و قورسی جوڵەی بڕەبڕەکانی مل و زیاد بوونی ئەگەری نەخۆشی سەوەفان و هەوکردنی بڕەبڕەکانی مل . سەوەفانی ئەژنۆ : چونکە لە کاتی تەقاندنی مل زەغتێکی زۆر دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و تێک چوونی هاوسەنگی مل .

سوودەکانی تەقاندنی مل

لەدوامهیدا دکتۆرە شاهین لەسەرسودەکانی تەقاندنی مل دەدوێت و دەڵێت: تەقاندنی مل بە یەکێک لە ڕێگەکانی چارەسەری ئازار دادەنرێت لەوانە :کەم کردنەوە و نەهێشتنی ئازاری شەقیقە ، نەهێشتنی ئازاری مل ، کەمکردنەوەی پشت ئێشە ،بەڵام لەبەر زیانەکانی پێویستە لە لایەن پزیشک و پسپۆڕی شارەزا ئەنجام بدرێت کەپیان دەوترێت (کارێۆپراکتیک) لە بەر



ئایندەیەکی گەش بۆ ئۆتۆمبێلی کارەبایی

ئەندازیارانی زانکۆی پێنسیلڤانیا توانیان پاتریەیەکی نوێ بەرهەمبهێنن کە چارەنوسی ئۆتۆمبێلی کارەبایی بە تەواوی دەگۆڕێت.سەرچاوە زانستییەکان ڕایانگەیاند: ئەم پاتریە تازەیە لە ماوەی 10خولەکدا بە تەواوی شەحن دەبێتەوە و 400 کیلۆوات وزە هەڵدەگرێت، بەمەش ئۆتۆمبێلەکە دەتوانێت 200 میل بڕوات.شایەنی باسە دروستکردنی ئەم پاتریە نوێیە ، ئاسۆیەکی گەورەتر لە بەردەم ئۆتۆمبێلە کارەباییەکاندا دەکاتەوە کە بە جێگرەوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ ئۆتۆمبێلی ئاسایی و پاراستنی ژینگە. لەمبارەیەوە چاو یانگوانگ، سەرۆکی بەشی ئەندازیاری میکانیکی زانکۆی ویلایەتی پێنسیلڤەنیا دەڵێت: "داهێنانی پاتریەک کە بە خێرای شەحن بکرێتەوە یەکێکە لە مەرجەکانی ڕکابەریکردن لەگەڵ ئۆتۆمبێلی ئاسایدا شیاوی باسە حاڵی حازر پاتری ئۆتۆمبێلی کارەبایی 30خولەکی دەوێت بۆ ئەوەی بارگاوی بکرێت بە شێوەیەکی بەشەکی".

